تریشیان لەگەڵ پیاواندا هەیە، ئەویش ئەوەیە ئافرەت زووتر یان بەئاسانتر سکاڵای خۆی باسدەکات ( ئەڵێن ژن زۆر حەزی لەقسەیە! ) هەروەها ئاسایتر تێکەڵاوی کۆمەڵگا دەبێت بۆ نمونە لەگەڵ هاوخەمان‌و هاوڕێیانیدا، کەچی پیاو خەمەکانی دەشارێتەوەو لەناو دڵیدا بەندیان دەکات، ئەبێ ئاماژە بەوەش بکەم کەئافرەتی کورد ئیرادەو ویستی لاوازە بۆ یاخی بوون یاخود خۆ سەلماندن‌و پێداگرتن لەسەر مافە سروشتیەکانی خۆی بەرامبەر بەپیاو.

زنار: با بچینە سەر تەوەری سەرەکی گفتوگۆکەمان کەقسەکردنە لەڕووی زانستییەوە لەسەر کێشەو گرفت‌و مەسەلەکانی پەیوەست بەئافرەت، با بزانین خەتەنەکردن چییە؟..ئایا ئەوە پەیوەندی یان کاریگەری بەسەر توشبوون بەنەخۆشیە سێکسیەکانەوە هەیە؟..هەر بەڕاست ئەوە بەکردەیەکی زانستی ئەژمار دەکرێت.

گوڵاڵە پشدەری: خەتەنەکردن بەدڵنیاییەوە کارو کردەوەیەکی زانستی نیەو لەئاینیشدا نەهاتووە، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ لایەنە کۆمەڵایەتیەکە، بەداخەوە هەندێك لەژنانی کوردو عەرەبو ( وڵاتی سۆماڵ ) ئەم کردەوە نامرۆڤایەتیە ئەنجام دەدەن، بێگومان ئەوە کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر گرفتەکانی سێکسی، ئەم کردەوەیە بەڕادەیەکی زۆر جوڵانی هەست‌و حەزی سێکسی لەئافرەتدا لاواز دەکات، بۆیە پێم وایە خەتەنەکردنی ئافرەت زیانمەندیەکی جەستەیی‌و ڕۆحیشە کەنەتەنیا هەر لەئافرەتەکە دەدرێت بەڵکوو کاریگەری نەرێنی لەسەر ژیانی هاوبەشیش دادەنێ، سەبارەت بەوەی ئایا خەتەنەکردن چییە ناتوانم وەڵامێکی زانستی پێویستتان بدەمێ چونکە لەکاتی خولەکەشم کەمتر سەبارەت بە ( sexogoloy ) خوێندومە، تەنها دەتوانم ئەوە بڵێم کەبڕینی ( Clitoris ) لەکاتی منداڵیدا کەبەشێکە لەکۆئەندامی لەش یان سێکسی ئافرەت کەبەشێکی هەستیارە بۆ گرژبوون یان جوڵاندنی هەستی حەزکردن بەجووتبوون.

زنار: سوڕی مانگانە چییە؟..نیشانەکانی کامانەن؟.. چۆن ڕوو دەدات؟..ئافرەتان چ کاتێک پێویست دەکات سەردانی بزیشک بکەن.

گوڵاڵە پشدەری: سوڕی مانگانە یان ( menstruation cycle ) ئەو ماوەیەیە ( ٢٨ ڕۆژ ) ئافرەت ( کچانی تەمەن سەرووی ١٢ ساڵ ـ ژنانی تا تەمەن ٥٠ ساڵ ) لەڕێگای کۆئەندامی لەشیانەوە خوێن بەر دەبێت بۆ ماوەیەکی کەم یان زیاد لە ٥ تا ٧ ڕۆژ، بەڵام دەگمەنیش هەن کە ئاسایی جۆرێکی ترن بۆ نمونە هەندێ کەس هەر سێ هەیڤ جارێك سوڕیان هەیە، دیارە نیشانەکانی ئەمانەن: زگ، پشت ئێشان، ئێڵنج هاتن، ڕشانەوە، ئاوسانی مەمك‌و هەست بەگرێکانی مەمك کردن، سەر ئێشان‌و تووڕەو گرژ بوون، کاڵبوونەوەی ڕەنگی جەستە" مەیلەو زەرد بوون" و خوێنبەر بوون لەلەشیەوە، ئەگەر خوێن بەربوونی هەیڤانە لەماوەی ١٠ ڕۆژ زیاتر یان ڕێژەی بەربوونی خوێن زۆر بێ ( cc250ـ cc300 ) ئاساییە، یان ئازارێکی یەکجار زۆر کە بە بەکارهێنانی ئازار شکێن ئازەکە نەشکێت، یان پاك‌و پیسی سوڕی نارێك بەدیکرا، پێویستە ئافرەت سەردانی پزیشکی تایبەتی بکات بۆ پشکنین.

زنار: ئەوەی پێی دەگووترێ پەردەی کچێنی چییە؟.. ئێوە دەزانن نەبوونی هۆشیارییەکی زانستی سەبارەت بەو باسە زۆرجاران کارەسات یان گرفتی کۆمەڵایەتی لێکەوتۆتەوە..

گوڵاڵە پشدەری: پەردەی کچێنی یان ( hymen ) شانە بازنەیەکی تەسکە، لەئافرەتی گەنجدا بەشێوەی جۆرێك یەقەی خڕەو جێگای لەبەردەم کونی جوتبووندایە( vagina )، ( hymen یان marriage ) لەناو خودای یۆناندا واهاتووەو لە ناو کورددا بە پەردەی کچێنی ناو دەبرێ لەبنەڕەتدا پەردەیەکی داخراو نییە، خوێنی سوڕی هەیڤانە بەئاسانی بەم پەردەیەدا دەڕژێتە دەرەوە، پەردەی کچێنی لەئافرەتێکەوە بۆ ئافرەتێکی تر جیاوازەو هەندێکیان زۆر تەسکن‌و بەئاسانی نادڕێن، هەندێکیان هەر قەبارەکەیان گەورەیەو تاکو کاتی بەردانانی دوو گیانی نادڕێن.

زنار: باسێکی ئێوەم سەبارەت بەشێرپەنجەی مەمك خوێندەوە، دەمەوێ بپرسم هۆکارە بۆماوەییەکان، یان خۆراك‌و فاکتۆرە هۆڕمۆنیەکان چ ڕۆڵێك لەتوشبوون‌و بەپێچەوانەوە دەگێڕن.

گوڵاڵە پشدەری: هۆکاری توشبوون بەشێرپەنجەی مەمك، دەتوانم بڵێم وەك زانراوە هەندێك خۆراك دەتوانێت ئەگەری توشبوون بەم نەخۆشییە کەمتر بکاتەوە وەکو میوەکان، سەوزەکان‌و هەروەك چۆن هەندێك جۆر لە خواردن ئەگەری تووشبوون بەم نەخۆشیە زیاد دەکەن وەکو زیادەڕەوی لە خواردنی چەوری کەدەبێتە مایەی بەرزبوونەوی کێش کە ئەوەش ئەگەرێکە بۆ تووشبوون‌و هەروەها خواردنی شتی سوتاو خواردنەوەکانی ڕەنگی، وەکو کۆلاو شەربەتەکانی دەستکرد، سەبارەت بەهۆڕمۆنەکان ئەگەر ئافرەت لەتەمەنی گەنجیدا حەبی بەرگری ( anti conceptica)ی بەکارهێنابێ بەردەوام بۆ ماوەی چوار ساڵ ئەوە ئەگەری تووشبوونی بەم نەخۆشیە لەپێش تەمەنی ٣٦ ساڵیدا هەیە، هەروەها فاکتۆری ژەهراوی بوونی ژینگە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لەتووشبوون بەم نەخۆشیە، هەروەك چۆن هۆکارە بۆماوەییەکان وەك گیرو گرفتی ڕۆحی دەروونی ئینسان کەهاوکات لەگەڵ گرژ بوونی جەستەیی وێکرا دێت، ئەوسا هێزی بەرگری لەشی مرۆڤ بەرەو لاوازی دەچێت‌و شێرپەنجە هەلومەرجی باشی بۆ دەرەخسێت تا لەجەستەدا ڕەگ‌و ڕیشە دابنێت.

زنار: بۆچی ئافرەت دەچەوسێندرێتەوە؟..وێڕای تاسەو پرسە کۆمەڵایەتیەکان، باکگراوندێکی زانستی لەپشت پشاندانی لاوازی پێکهاتە جەستەییەکانی بەبەراورد لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر کەپیاوە هەیە؟..بابزانین هۆکارە ڕاستەقینەکانی کامانەن.

گوڵاڵە پشدەری: بەداخەوە لەدێر زەمانەوە چەوسانەوەی ئافرەت لەلایەن ڕەگەزی نێرینەو تەنانەت لەلایەن فەیلەسوفەکانەوە هەر هەبووە، بەنمونە ئەفلاتوون دەڵێ: گوێ لەئافرەت ڕا بگرن بەڵام بەقسەیان مەکەن!.. لەیۆنان بۆ یەکەمجار لەو وڵاتە دیموکراتیخوازەدا هەڵبژاردن کراو ئەوکاتە دوو ئافرەت بەیەك پیاو ئەژمار دەکران، بۆیە دەتوانم بڵێم بەگشتی هەڵکەوتەی جوگرافی، نەشونماوو شێوازی گەشەی کۆمەڵایەتی، بوارە سیاسی‌و ئاینیەکان، ئەوانە هەرکامێکیان بەنۆرەی خۆیان کاریگەرییان هەیە لەسەر چۆنیەتی ژیان‌و مامەڵەکردن لەگەڵ جیهانی ئافرەتدا، دیارە شێوازی چەوسانەوەی ئافرەتی کورد لەکۆنەوە بۆ ئەمڕۆ گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بارودۆخی ڕابووردووی کوردستان کەشێکی پڕ کێشمەکێش‌و مەترسیداری بۆ پیاوی کورد دروستکردبوو بەجۆرێ خۆیان لەخۆیان بێزار ببوون، عەقڵیەت‌و بیرکردنەوەی پیاوی کوردی بەرەو توندوتیژی پڕکردنەوەی بێدەسەڵاتی بردبوو، بۆیە بەناچاری ئەو ڕەوش‌و ئاریشەیە وایکردبوو لەماڵەوەیدا ڕەنگی پێبداتەوە، بەو مانایەی رك‌و کینەی خۆی بەسەر خێزانەکەیدا دەڕشت، ئەمە

> **زۆرێک لەو ئافرەتانەشمان بینیوە کە تا لوتکە ڕۆیشتوون بەڵام دووبارەو چەندبارە پیاوان پاڵێکیان پێوەناون‌و هێناویاننەتەوە خوارێ**



وایکردبوو ئافرەتی کورد لەچوونە دەرو چوونە بەر خوێندنو بێبەش یاخود کەمبەش بکرێن، چونکە ئەوسا ئەوەی ئافرەتی مووچەخۆر بوایە ڕژێمی بەعس ناچار بەبەعسی بوونی دەکرد، بەکورتیەکەی دەمەوێ بڵێم جاران ئافرەتی کورد بەندی نێو چوارچێوەی دیوارەکانی ماڵو خزمەتکار بوو، یان کچێکی گوێڕایەڵ یان دەبووایە دایکێکی خۆبەخش بێت، ئەگەر حەزیشی لەشوکردنو پێکەوەنانی ژیانی هاوسەری نەبووایە، هەر بەشوویان دەداو ئەگەر پیاوەکەشی ژنی بەسەردا هێنابایە لەبەر بەرژەوەندی منداڵەکانی لەپیاوەکەی جوێنەدەبۆوەو تەنانەت هەبوون تەمەننایان لەخودا دەکرد مێردەکانیان دەریان نەکەنو مافی دانیشتنیان لێنەستێننەوە، ئافرەتی کورد، وزە یان ئیرادەی یاخیبوونی نەبووە، نەك هەر ویستیشی نەبووە بگرە نەیدەزانی جۆرە ژیانێکی تر هەیە، بۆیە ئێستا مەسەلەکە جیاوازە، هۆشیاری هەیە، چاوی کراوەترە، دەزانێ چی بەسەر هاتووە، هەناوی ناوە بەڵام چۆنو بەچ شێوەیەكو تاچ ڕادەیەك توانیویەتی تەوقی بەندو باوی دیلیو زەوتکرانی مافو ئازادیەکانی بپسێنێت، بێگوومان ئەوە مەسەلەیەکی ترە چونکە دیسانەوە زۆرێك لەو ئافرەتانەشمان بینیوە کە تا لوتکە ڕۆیشتوون بەڵام دووبارەو چەندبارە پیاوان پاڵێکیان پێوەناونو هێناویاننەتەوە خوارێ، کە دەشپرسی بۆچی، بێگوومان پیاوانیش مومکینە خۆی لەمەترسیدا ببینێتەوەو وا تێبگات گەشەکردنی ئافرەتو زامنکردنی مافو ئازادیەکانی لەدەسەڵاتو مەهامە پیاوانیەکەی کەمبکاتەوە، مەگەر گوێمان لەوە نەبووە کە دەڵێن خوا نەکا ژن دەسەڵاتی بدرێتێ! سەرەڕای ئەو قەیدو بەندانەش من گەشبینمو پێم وایە بەماندوو بوونو هەنگاونانی بوێرانەوە ئافرەتی کوردیش لەو دۆخە ڕزگاری دەبێت، ئێمە ئافرەتانێکی وەك ( کوردستان موکریانی، مهاباد قەرەداغی، ئەقلیە ڕەواندوزی )و زۆرێکی تری لەو شێوە نمونە ژنە بوێرو ماندونەناسانەمان هەیەو هەروەك چۆن نمونەگەلێکی پیاوانی لەچەشنە ڕەچەشکێنانەشمان هەیە هەروەك (ئیسماعیل کەریم، حەمەڕەشیدی هەرەس، شەماڵی عەبە ڕەش ) زۆرێکی تر، ئەمانە سەرئەنجام تەواوکەری ڕێگای هەبوونی مافو ئازادیو وەك یەکین، بۆیە پێم وایە چەوسانەوەی ئافرەت لەوڵاتی ئێمەدا بەرەو کاڵبوونەوە دەچێت لەماوەیەکی داهاتووی نزیکدا، دواجار نێرو مێی پێویستی بنچینەییان بەوە هەیە بابەتیانەتر لەیەکتر تێبگەنو ئەو کەشە دروست بکەن.

زنار: زۆرێك لەو باوەڕەدان تێرکردنی ئارەزووە سێکسیەکانی ئافرەت لەهەمبەر پیاودا، ئەستەمو سەختایەتیەکی زۆرتری هەیە، تێگەیشتن یان خوێندنەوەیەکی زانستی سەبارەت بەو باسە هەیە.

گوڵاڵە پشدەری: بێگوومان ئەم کێشەیە خراوەتە بەرچاوی پسپۆرانی ئەم بابەتە، لەمبارەوە(سێکس) ناتوانم هیچ ئاماژەیەك بکەم، چونکە ئەوەش تەوەرێکی دوورو درێژەو پێویستی بەخوێندنێکی چوار ساڵی کۆلێژو بگرە مەجالی فراوەنتریش هەیە..

زنار: ئافرەتان بۆ ئەوەندە بەکاتەوە پەیوەستن.

گوڵاڵە پشدەری: بەبڕوای من ڕەنگە هەستی بەرپرسیاریو هەبوونی گیانی وردبینی وا لە ئافرەت دەکات ئەوەندە کاتی بەلاوە گرنگبێتو هێندە پێوەی پەیوەست بێت، دیارە ئافرەت حەزی لەگۆڕانکارییەو بەپێچەوانەشەوە پیاو زۆرتر خولیای دەسەڵاتەو لەگەڵ تەکنۆلۆژیادا دەڕوات..

زنار: پێمان خۆشبوو سەبارەت بەمنداڵبوونو ئەو ڕێوشوێنانەی پێویستن بۆ ئەو بوارە پێشەکیو پاشەکی بگیردرێنەبەر، هەروەها سەبارەت بەتازەترین زانیاریە زانستیەکانی ئەو بوارەو ئامادەکاریەکان قسەمان بۆ بکەیت.

گوڵاڵە پشدەری: ئم بابەتە زۆر هەڵدەگرێ، هەوڵدەدەم بۆ داهاتوو وتارێکی تایبەتی بۆ گۆڤارەکەتان لەسەر بنوسم، بەڕاستی ئەوە پێویستی بەوردبوونەوەیەکی بابەتیانە هەیە..

زنار: کاریگەریەکانی دوای لەبار بردن، کامانەن؟..چ ڕێوشوێنێك بۆ ئەو مەبەستە بگیردرێتەبەر تەندروستە.

گوڵاڵە پشدەری: بەدڵنیایی لەباربردن ئەبێ لەشوێنی گونجاو بێتو کەسی پسپۆڕ ئەم کردەوەیە بکات، ئەوە تەوەرێکی زۆر گەورەیەو ناتوانین لەگفتوگۆیەکی سنورداردا بەپوختی باسی بکەین، دیارە ئەم بابەتەش دیسانەوە دەگەڕێتەوە سەر لایەنە کۆمەڵایەتیو ئاینیو هەروەها مەجالە سیاسیەکەش لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر بەشێوەو شێوازێك مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، ئەمەش جۆرو شێوازی جیاجیای وەك لەباربردنی شێوە نایاساییو نائاساییو بەپێچەوەی هەیەو هەر کۆمەڵگایەك بەپێی عورفو یاساکانی خۆی مامەڵەی لەتەکدا دەکات.

زنار: دوا پرسیار، نەخشەیەکی خۆشەویستی، بێگومان لەڕووی زانستییەوە لەمێشکی مرۆڤەکاندا وجودی هەیە؟..ئەگەر وایە چۆن دەتوانین یەکتریمان خۆشنەوێت.

گوڵاڵە پشدەری: خۆشەویستی وزە یان هەستێکە کەلەسروشتەوە لەگەڵ مرۆڤ لەدایکبووە، لەهەندێك کاتدا ئەو هەستە لای هەندێك لەمرۆڤەکاندا بەرەو کاڵبوونەوە دەچێت ئەوەش بەهۆی بارودۆخی ناهەموارو ژینگەو کۆمەڵگەو دنیای سیاسەتو ئاین، بەبۆچوونی من پێویستە لەسەرەتادا مرۆڤ خۆی بناسێو بدۆزێتەوە تاکو بتوانێ خۆی خۆشبوێت، چونکە خۆشەویستی رۆناکی ڕۆشنکەرەوەی ڕێگا تاریکەکانە، ئاریچەی دەروازە داخراوەکانە..

# فاڵتۆ دایرەسی


عومەر ئەمین عەلی

omer_raniya@yahoo.com


ئەمە گووتەیەکی نەتەوەی تورکە، خوالێخۆشبوو( قادری فەقێ قادر) پیاوێکی قسەزان‌و زاناو لێهاتووبوو، فەرهەنگ بوو، ڕاوەستانی نەبوو، وەڵامی هەموو پرسیارێکی پێبوو، ئاگاداری زۆر لەتایبەتمەندیەکانی نەتەوەی تورك‌و عەرەب بوو، چاکیش بەزمانی عەرەبی قسەی دەکرد، لەعەشیرەتی میرزاڕۆستەم لەناحیەی سەنگەسەر نیشتەجێ بوو ئەم باسەی بۆگێڕامەوە، کەبەپێی قسەی ئەو (فاڵتۆ دایرەسی) واتە:(دائیرەی گاڵتەو گەپ)، کە باس لەکارەساتێکی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی دەکات کە دەوڵەتەکەیان بێئاگابووە لەباری ژیانی هاووڵاتیان‌و کاروباری بەڕێوەبردن، جامن لێرەدا بەئەمانەتەوە لەقاڵبێکی ئەدەبیدا ڕووداوەکەتان بۆدەگێڕمەوە بەو ئومێدەی کەڵکی لێوەربگرین بۆخزمەت بەنەتەوەکەمان‌و پتەوکردنی شیرازەی حکومەتەکەمان، لەسەرەمێکدا کە لەتورکیا دەسەڵاتداریەتی سوڵتان باڵی کێشابوو بەسەر هەموو دەوڵەتە ئیسلامیەکاندا، ئامانجی سەرەکی دەوڵەتی عوسمانی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی نەتەوەی تورك بوو لەژێر سێبەرو سایەی ئاینی ئیسلامدا، بەهۆی بێتوانایی دەسەڵاتەکەو فراوانی دەوڵەتە ئیسلامیەکانەوە، سوڵتان فریای ئەوە نەدەکەوت تەنانەت کەمینەیەکیش لە ئەرکەکانی سەرشانی جێبەجێ بکات، لەخوار سوڵتانیشەوە هەریەکێك بۆخۆی سوڵتانێك بوو، ژیان زۆر سەختبوو، تەنانەت مووچەش زۆر بەخراپی دابەش دەکرا، لەم کاتەدا خانە نیشینەکان، تووشی تەنگەبەریەکی ژیان بوون، بەهۆی ئەوەی بەچەند مانگێك بڕە پارەی مووچەکەی خۆیان نەدەگەیشتە دەست، بۆیە هەموو خانەنشینەکان کۆبوونەوە بۆئەوەی چارەیەك بۆباری سەختی ژیانی خۆیان دانێن، لەناو خۆیاندا گەیشتنە ئەوەی کە سەرەتا نامەیەك بۆ سوڵتان بنێرن، ئاگاداری بکەنەوە بەوەی کە ئەوە چەند مانگێکە خانەنشینەکان مووچەیان وەرنەگرتووەو لەبارێکی سەختی ژیاندان، ئەگەر سوڵتان فریایان نەکەوێت ئەوا کارەساتێکی مرۆیی گەورە ڕوودەدات لەناویاندا بۆیە نامەیەکیان نووسی، وەڵامی نەبوو، نامەی دووەم وەڵامی نەبوو، بەم شێوەیە هەموو نامەکان بەبێ وەڵام بوون، بۆیە بەبێ هیوایی مانەوە، کۆبوونەوەیەکی دیکەیان کردوو کەوتنە هەوڵدان بۆدۆزینەوەی ڕێگە چارەیەك بۆچارەسەرکردنی باری سەختی ژیانیان، لەناوخۆیاندا کەوتنە ڕاوێژکردن‌و وتووێژکردن، هەریەکەیان بۆچوونێکیان هەبوو، لەناو خانەنشینەکاندا، کەسێکی زۆر زاناو بە توانا بەووردی بارودۆخەکانی هەڵسەنگاندن‌و گووتی: ئەی هاوڕێکانم ئەوە چەند جارێکە ئێمە نامە دەنووسین بۆسوڵتان وەڵاممان نادرێتەوە، جا ئەگەر نامەکان نەگەیشتبن بەسوڵتان یان سوڵتان مەبەستی نەبووبێت وەڵامیان بداتەوە ئەوە لەهەموو بارەکاندا پاشاگەردانیەو هەرکەس بۆخۆیەتی، جابۆیە ئێمە دەبێت ئێمەش فریای خۆمان بکەوین، بۆخۆمان دەزگایەك دروست بکەین کەبتوانین بەهۆی داهاتی ئەم دەزگایەوە خۆمان بژیەنین، بەمەرجێك دەزگایەك بێت کە شەرەف‌و کەرامەت‌و بەرژەوەندی نەتەوەی تێدا لەبەرچاو بگیرێت، ئەو کەسایەتیە زۆر ماندووبوو هەتا بەرنامەیەکی بۆ خانەنشینەکان داناو پێی ڕاگەیاندن ئەگەر فریای خۆیان نەکەون ئەوا لەوکەسانە دەبن کەفڕێدەدرێنە ناو زبڵدانی مێژووەوە، بۆیە دەزگایەکی باج وەرگرتنی بۆدامەزراندن بەناوی (باجی مردن)، واتە هەرکەسێك کە بمرێت دەبێت بڕێکی دیاریکراو لەپارەی لێوەربگیرێت حەقی ئەوەی کەمردووە، بۆ ئەم مەبەستە کەوتنە خۆیان‌و لەسەرتاسەری تورکیادا کەوتنە دروستکردنی شورە بەدەوری قەبرستانەکان‌و دەرگایەکی سەرەکی‌و پرسگەیەکیان لێدادەنا، زۆر بەڕێك‌وپێکی کارەکانیان بەڕێوەدەبردن، پاسەوانی دەوری گۆڕستانەکان‌و ئێشکگری شەوانەیان هەبوو، هەرکەسێك کە دەمردو دەیانهێنا بۆگۆڕستان هەتا باجی مردنیان لێوەرنەگرتباو پسولەی تێپەڕبوونیان بۆ نەبڕیبا نەیان دەهێشت بچێتە ناو شورەی قەبرستانەوە، بەم شێوەیە داهاتێکی زۆریان دەستکەوت‌و توانیان چارەسەری کێشەکانی سەختی باری ژیانی خۆیانی پێبکەن‌و سەرەمانگان هەموو خانەنشینێك مووچەی خۆی بەتەواوی وەردەگرت‌و قەبرستانیشی پێ ئاوەدان دەکرایەوە، سوڵتان‌و دەوڵەتیش لەپرخەی خەوێکی قورسدابوون، هەتا ڕۆژێك کچێکی سوڵتان مرد، دوای ئەوەی کە شوردیان‌و کفنیان کردوو بە ڕێوڕەسمێکی شکۆدار هێنایان بۆ قەبرستان، لە پرسگەی قەبرستاندا داوای پسولەی باجی مردنیان لێکردن، کە چوون پسولەی بۆ ببڕن پرسیاریان لێکرا ناوی چیەو چکارەیە ؟ گووتیان: کچی سوڵتانە، سەرپەرشتیاری پسولەکان گووتی:کچی سوڵتان! ! ئەوە کەسایەتیەکی زۆر گەورەیە، باجی مردنی کچی سوڵتان لەچاو خەڵکی ڕەشوڕوتدا دەبێت چەند جارەبێت، بۆیە دەست‌و پەیوەندیەکانی سوڵتان نەیانتوانی بڕە پارەی باجەکە بدەن‌و بەپەلەتاوان گەڕانەوە بۆلای سوڵتان‌و هەواڵەکەیان پێڕاگەیاند، سوڵتانیش پرسیاری لەوەزیری دەستی ڕاستی کرد گووتی :ئەمانە کێن؟ ئەویش وەڵامیدایەوە گووتی: نایانناسم، ڕووی لە وەزیری دەستە چەپی کرد ئەویش گووتی: نایانناسم، لەوەزیری داهاتی پرسی ئەمانە سەربەکێن؟ لەوەڵامدا گووتی: نایانناسم پەیوەندیان بە ئێمەوە نیە، بانگی بەڕێوەبەری شارەوانی کرد ئەویش گووتی: ئاگاداریان نیم، سوڵتان بە بەڕێوەبەری شارەوانی گووت: باشە هیچیتر تەرمەکەی ڕامەگرن، پارەی باجەکەی بدەن، خۆ ئەم داهاتە هەر بۆ دەوڵەت دەگەڕێتەوە، بەڕێوەبەری شارەوانی گووتی: گەورەم ئەم داهاتە بۆ دەوڵەت ناگەڕێتەوە، ئەمانە دەزگایەکی دەوڵەتی نین، سوڵتان بەسەرسامی‌و بەسەرگەردانیەوە هەر ئەوەندەی پێکرا کەبڵێت: دەباشە جارێ پارەکەی بدەن تا ماتەمینیەکەی تەواودەبێت، ئەوسا لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەین، بۆئەوەی کەبزانین ئەمانە سەربەکێن‌و ئەو پارەیە بۆکوێ دەچێت، دوای تەواوبوونی ماتەمینیەکە سوڵتان ناردی بەدوای سەردەستەکەیاندا، جا کاتێك کە لەبەردەمی سووڵتان ئامادەبوو پرسیاری لێکرا: ئێوە سەربەکێن؟ لەوەڵامدا گووتی جەنابی سوڵتان ئێمە سەربەخۆمانین، سوڵتان هەڵوێستەیەکی کردوو گووتی: سەربەخۆتانن... خۆتان کێن؟ گووتی: خۆمان ئەو خەڵکانەین کەهەموو گەنجیەتی‌و خۆشی ژیانی خۆمان کرد بەقوربانی ئەم خاك‌و نەتەوەیە، لەکاتێکیشدا کە خانەنیشین کراین، دەوڵەت بێوەفابوو بەرامبەرمان، لەم بارە سەختەی ژیاندا موچەمان بۆ نەدەهات، لەبارێکی سەختی ژیاندابووین، چەندین جار نامەمان بۆ بەڕێزتان نووسی وەڵامتان نەدراینەوە، خەریك بوو بمرین لەبرسان، بۆیە ئێمەش نەمان ویست دەست بۆسامان‌و سەروەتی میللەت درێژبکەین، بەبۆچونی ئێمە ئەو پارەی لە مردووەکانەوە دەست دەکەوێت ڕەواترە لەوەی خوانەخواستە دەست بۆسامان‌و سەروەتی دەوڵەت درێژبکەین، بۆیە لەبەرنامەیەکدا ئەم کارەمان هەڵبژاردو لەو ڕۆژەوە هەتا ئێستا دەوڵەتەکەی تۆ دینارێکی نەداوە بە خانەنشینەکان‌و بۆخۆمان خۆمان بەخێو دەکەین، سوڵتان کە گوێبیستی ئەم قسانەبوو بەپێکەنین‌و زەردەخەنەوە دەست خۆشی لێکردوو گووتی: تۆ ئیمڕۆ لەلای ئێمە خاوەنی پلەو پایەیەکی بەرزی، ئومێدەوارم هاوکاریم بکەی بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو گەندەڵیەی کەوڵاتی گرتۆتەوە!!!

# خورماڵ وێستگە فەرامۆشکراوەکەی شارەزوور

## گەنجێك" بێ ئومێدترین گەنج گەنجی خورماڵ‌و دەوروبەرییەتی"

(وریاحسێن)ی تەمەن ٢٠ ساڵ چالاك لەبواری راگەیاندنداو گەنجێکی دانیشتووی شارۆچکەی خورماڵەو بەهێمنی کەوتە باسکردنی ژیانی گەنجانی شارۆچکەکەی بەم شێوەیە گووتی "ئەگەر سەرنج بدەین ئەمرۆ رەوتێك لەکۆمەڵگا بەناوی رەوتی گەنجان هەیە کە رەوتێکی بێزارە، گەنج لەم دەڤەرەدا لەناو حزبەکاندا هەن‌و لەدەرەوەی حزبەکانیشدا هەن" وریا سەبارەت بەکارو چالاکییەکانی وەزارەتی وەرزش‌و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان گازەندەی کرد بەحوکمی ئەوەی وەزارەتێکە دەبێت خزمەت بەچینی گەنج بکات گووتی "وەزارەتی وەرزش‌و لاوان وەزارەتێکی شارییە، لەشارۆچکەیەکی وەکو خورماڵدا تائێستا ئەو وەزارەتە ئاورێکی لێنەداوەتەوە، گوایە نازانی کۆمەڵێ گەنجی گوناهو بێ تاوان لێرە لەناو زۆنگاوی بێ کاری‌و خراپ گوزەرانیدا دەژین! خورماڵ لەهەموو سەردەمەکاندا رەوشی تایبەتمەندی خۆی هەبوو، وەزارەتی وەرزش‌و لاوان ناوێرێ لێرە بارەگا بکاتەوە ترسی ئەوەی هەیە رۆژانێك ئەم دەڤەرە چۆڵبکرێ‌و بارەگاکەی ئەویش لەناو بچێت" وریا ئەیگووت "گەنجانی خورماڵ لەروە ئابورییەکەوە تۆکمە نیین" وریا حسێن گازەندەی لەرێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەکردو دەیگووت "لەئاست ئەو داواکارییانەی گەنجدا نین، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئیرادەیان، لێرە حزب زاڵە بەسەر کارکردنی رێکخراوەکاندا" وریا بەحەسرەتەوە ئەوەی ئاشکراکرد کە هاوینی رابردوو لەخورماڵ‌و دەوروبەریدا زیاتر لە ٦ کچ خۆیان سوتاندووەتەوەو هیچکام لەرێکخراوەکان هەڵوێستیان نەبوو، هەروەها لەدرێژەی قسەکانیدا گووتی "پێویستە حزبەکانیش ئەوەندەی کە بۆ بەرژەوەندی خۆیان هەوڵ دەدەن ئیدی ئاوڕ لەگەنج بدەنەوە، سەبارەت بەوەی ئایا ئەگەر رەوشی گەنجانی خورماڵ‌و دەوروبەری هەر بەم شێوەیە بێت، ئیتر چی؟ گووتی "مادام کۆمەڵگای دوای شەڕین کەواتە کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگایەکی روخاوە، پێویستە ئێمە بنیادی بنێینەوەو ئیدی گەنجیش رەوت بۆخۆی جیا بکاتەوە بائیدی نەرۆینە ناو حزبەکان با ئیدی گوێ بۆ حزبەکان نەگرین ئیدی بابەس بێت، ئیدی لەدەرەوەی حزبەکان بۆخۆمان کار بکەین، لەدەرەوەی ئەو رێکخراوە گەندەڵانەی کە دەیانەوێ بەسەر ئێمەوە خۆیان بکەن بەشتو دەیانەوێ بەناوی گەنجەوە قسە بکەن‌و هیچیشی وانییە" لەبەردەوامی قسەکانیدا سەرنجی کێشایەسەر "بائیتر وشیارییەکی سەربەخۆییانەی گەنجانەمان هەبێت، کێشە نییە لەناو حزبدا بیت، بەڵام بیرێکی وشیارییانەی هەبێ با جێگای ئەو بەرپرسە گەندەڵانە بگرنەوە کە هەیە نەك گەنجیش کە چووە ئەوێ لەوان خراپتر بێت، با هەممی گۆڕانی هەبێت، باهەستی نەتەوایەتیمان هەبێت بەدەر لەو هەستە نەتوایەتیەی کە حزبەکان باسی لێوە دەکەن، پشتکردن لەنیشتیمان پشتکردنە لەهەمموو ئەو بەها ئەخلاقییانەی کە هەمەنە کە کوردبوون‌و تادواتریش ئەگرێتەوە"

چەند خۆش بوو ئێمەش پارکێکمان هەبووایە

لەسنووری دەڤەری هەورامان‌و شارۆچکەی خورماڵ چەندین گوند هەن کە هەیانە بەهۆی شەڕەکانەوە تائێستاش ئاوەدان نەکراونەتەوەو هەشیانە کەم کەم ئاوەدانن، ئەو لادێیانەش کە هەن بەدەر نین لەکێشەو گرفت بەتایبەتی لەم دەیەیەی پۆست مۆدێرنەدا دەبێت ژیانی لادێ فەرامۆشکراوەکانی کوردستان بەگشتی‌و لادێکانی دەوروبەری خورماڵ چۆن بێت، لەسەر ئەم بنەمایە عەلی عەبدولرەحمانی کە تەمەنی ١٩ ساڵانێکەو گەنجێکی قسەخۆش‌و باڵایەکی مام ناوەندی هەیە ئێستا لەپۆلی شەشەمی وێژەییەو لەلادێیەك بەناوی (بانیشار) دەژین، ئەو هەموو رۆژێ لەگەڵ هاورێکانیدا نزیکەی ٥ کم رێگا دەبرن بۆ ئەوەی بگەنە قوتابخانە، عەلی کە کەوتە قسەکردن گووتی "کێشەی گەنجانی خورماڵ‌و دەوروبەری جیاوازە لەگەڵ کێشەی شوێنەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، لێرە بێکارییەك لەئارادایە، ئەگەر قوتابیت دەبێت لەمزگەوتەکاندا سەعی بکەیت" عەلی ئاماژەی بەوەشدا کەوا چەند ساڵێکە حەساری پارێکیان لەخورماڵ کردووەو ئەمرۆ سبەی دەکەن بۆ کردنەوەی گووتی "چەند خۆش بوو کە ئێمەش پارکێکمان هەبووایە وەك کۆی ناوچەکانی دی، لەوێ سەعیمانبکردایەو بحەساینایەتەوە" لەلایەکی دیکەوە داوای لەحکومەتی هەرێمی کوردستانکرد کە بۆچی سەنتەرێکی گەنجانە لەسنوورەکەماندا نییە؟ عەلی باسی لەژیانی لادێییانەی خۆی‌و هاورێکانیکردو گووتی "ئێمە لەسنووری بانیشارو شیرەمەرو تەکیەو عامورە کە چوار گوندی سەر بەناحییەی خورماڵین‌و چەندان قوتابیمان هەیە رۆژانە لەوێوە بەپێ هاتوچۆ دەکەین بۆ خورماڵ بۆ خوێندن، ساڵێك لەلایەن حزبێکەوە هاوکاری کراین بۆ هاتوچۆمان بریا لایەنەکانی دیکەش بیانتوانیایە هاوکاریان بکردینایە، ئەگەر سەرنج بدەین لەساڵی ٢٠٠٣ دوە تائێستا ٣٢ قوتابی کچمان لەو دێیانە تەرکی خوێندنیانکردووە ئەمەش لەبەر دووری لادێکانمان بۆ شوێنی خوێندنمان، ئێمە لەگوندەکانەوە کە دێین بۆ قوتابخانە قوڵان هەڵدەکەین‌و پێڵاوەکانمان بەدەستمانەوە دەگرین سەرەرای ئەوەش کە توشی دەیان کارەساتی ترسناکی وەکو سەیارە بوین" عەلی تورەیی خۆی نیشانداو گووتی "ئەگەر حکومەتی هەرێم بەدەم ئەم کێشانەوە نەیەت ئێمەش هەڵوێست وەردەگرین، یائەوەیە بچینە سەر شەقامەکان‌و رێپێوان بکەین‌و مان بگرین" هەروەها گووتیشی "بۆچی لەکاتی دەنگدانەکاندا بەدەیان سەیارەمان بۆ دەگرن‌و پێمان ئەڵێن برۆن دەنگ بدەن، بۆچی ئامادە نین باخچەیەکی بچوکمان بۆ بکەنەوە!"

زۆر شت بۆ کوڕان رێگە پێدراوە!

ئەگەر لەم دەڤەرەدا رەوشی گەنج (کوڕ) لەبار نەبێت، دەبێت رەوشەکە بۆ گەنجانی کچان بشکێتەوە، تۆبڵێی کێشەی ئەوان جیاوازتر نەبێت لەکۆی کێشەی کورانی ئەم دەڤەرە، لەسەر ئەم بنەمایە چنور رەحیمی تەمەن ٢١ ساڵ کەوتە گفتوگۆ لەگەڵمان "ئێمە خۆمان تارادەیەك رازین بەژیان، بەڵام هۆکارەکانی بێزاربوونمان ئەوەندە زۆرن دەتگەیەننە هیوا نەبوون بەژیان، وات لێدەکات بێئومێد بروانیتە ژیان" لەو هۆکارەنەش کە زۆر گرنگ بوون بەلای چنورەوە "هۆکاری کۆمەڵایەتی (خێزانی) بەپلەی یەکەم دانا، چونکە زۆربەی

رووداوەكان لەوێوە سەرچاوە دەگرن" دابونەریتی كۆمەڵایەتیشی بەهۆكارێكی دی لەقەڵەم داو گووتی "كۆمەڵگای ئێمە تائێستا لەسەر دابونەریتە كۆنەكان خۆی دەژێینێ" ئەو رۆشنبیر نەبوونی تەواوی گەنجانیشی بەهۆیەكی دی لەچاو گرتو ئاماژەی بەو جیاوازییە نێوان رەگەزی نێرو مێ كردو گووتی "كوران تارادەیەك بەهەر شێوەیەك بێت ئازادییەكیان هەیە" لێرەوە بەیەڤینەوە ئەمەشی گووت "یەكێ لە گرفتە سەرەكییەكانی ئێمەی گەنجانی مێ لەلایەن كەسوكارییانەوە رێگرییان لێ دەكەنو تەنانەت ناتوانن بەئازادیش خەمەكانی خۆیان باس بكەن" لەو پرسیارە سەرنج راكێشانەی كچان چنور بەتەواوی خستییە روو گووتی "زۆر شت بۆ كوڕان رێگە پێدراوە (شەرعییە)، لەهەمانكاتداو هەمان شت بۆ ئافرەتان رێگە پێنەدراوە (ناشەرعییە) وەك چونەدەرەوەی شەوان، وەڵامدانەوەی تەلەفۆن، لەبەركردنی جلوبەرگ ... بۆچی!؟ ئاراستەی قسەكانی بەرەو حكومەت گۆڕیو گووتی "بەگشتی حكومەت كارێكی كردووە، بەڵام شتێكی وای تایبەتی نەكردووە بۆ گەنج" هەروەها گووتی "باگەنج لەپەرلەماندا هەبێتو بتوانێت داكۆكی لەمافەكانی خۆی بكات" دیسانەوە ئەمیش ئاماژەی بەبێكاری لاواندا، سەبارەت بەرێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی خۆشحاڵی خۆی دەربڕیو بەباشی لەقەڵەم دان، داوای لەگەنجان بەتایبەتی رەگەزی مێینەكرد كە بەگفتوگۆو هێمنانە لەگەڵ ئەو رۆژگارەی كە تێی كەوتوین مامەڵە بكەین.

**لەو بروایەدام رەوشەكە بەرەو خراپتر دەروات**

"من ئەمەوێ زۆربەی شتەكانم وەك خەڵكی نەبن" ئەمە گووتەی هێمن حامدی تەمەن ١٩ ساڵان بوو، ئەو زۆر بێزاربوو زۆریش بەزەحمەت قسەی دەكرد، بەڵام هەوڵیشی دەدا دەنگی خۆی بەهەر شێوازێك بێت بگەیەنێت، بۆیە گووتی "بێ ئومێدترین گەنج گەنجی خورماڵو دەورووبەریەتی" هێمن سەرەكیترین كێشەی گەراندەوە بۆ كێشە كۆمەڵایەتییەكان لەم دەڤەرەداو گووتی "ئەتوانم بڵێم ٨٥٪ ئەو گەنجانەی كە ئەیانناسم كێشەی كۆمەڵایەتییان هەیە" لەلایەكی دیكەشەوە هۆیەكی گەراندەوە بۆ بێكاری لەناوچەكەدا، هێمن داوای لەحكومەتی هەرێمكرد هیچنا كێشەی بێكاری لەم ناوچەی ئێمەدا چارەسەر بكاتو گووتی "ئێمە سەرسنوورینو حكومەت ئەتوانێ لەم سنوورانەدا ئەو مەرزانە بكاتەوە" سەبارەت بەئایندەی گەنجانی خورماڵو دەورووبەری بەنیگەرانییەوە گووتی "لەو بروایەدام رەوشەكە بەرەو خراپتر ئەروات، هیچ ئومێدێك نەماوە، دەسەڵاتیش تاوانبارە لەم مەسەلەیەدا"

**بەهیچ شێوەیەك هەست بەئاسودەیی ناكەم**

شیلان كەریمی تەمەن ٢٠ ساڵو خوێندكاری پۆلی شەشمی ئامادەیی لەڤوتابخانەی خورماڵی كچان، ئەویش بەهەمان شێوە خەمو پەژارەی خۆی دەربڕیو پێی گووتین "بەهیچ شێوەیەك هەست بەئاسودەیی ناكەم زۆر بێزارم" هەروەها گووتی "من وەكو لاوێكی ئافرەت زۆربەی كاتەكانم بەخوێندنەوەوە بەسەردەبەم" سەبارەت بەكێشەی گەنجانی ئەم دەڤەرە شیلان گووتی "دابونەریتی كۆمەڵایەتیە كە یەخەی گەنجی ئەم دەڤەرەی گرتووە" شیلان ئاماژەی بەو كاردانەوانەكرد كە ئەگەر بێتو تەنانەت بچیتە بازارو شتێكت پێویست بێت تابیكەیت راستەوخۆ كاردانەوەی زۆر نەگەتیف ئەنجام دەدرێت، شیلان زۆر بەئیرادە بوونەوە رەخنەی لەو خۆسوتاندنو خۆكوشتنەی گەنجانی ژنی ئەم دەڤەری كردو گووتی "بەدیاردەیەكی زۆر ناشارستانی دەزانمو كارێكی زۆر هەڵەیە" لەهەمانكاتدا گووتی "ئەگەر ئەو گرفتانەی لەم كۆمەڵگەیەدا رووبەرووی ژن دەبێتەوە روبەرووی پیاو (نێر بێتەوە ئەوا دە ئەوەندە رێژەی خۆكوشتنو خۆسوتاندنی پیاو (نێر) زیاتر دەبوو لەو رێژەیەی ژنان"

**بەداخەوە، دەسەڵات لەگەڵ بیروڕای گەنجدا نییە**

وێڕای بوونی ١٥ تا ١٩ رێكخراوی حزبیو نیمچە حزبی لە شارۆچكەی خورماڵدا، بەڵام تائێستا نەیانتوانیوە لەئاست داخوازیو داواكاریو گۆڕانی پێویستی گەنجدا بن، ناوەندی روناكبیری خورماڵ وەك یەكێك لەو ناوەندە سەربەخۆیانە ئەژمار دەكرێ لەسنوورەكەدا، ئەم ناوەندە ئۆفیسی گشتی لەخورماڵەو ساڵی ٢٠٠٠ ەوە دامەزراوەو توانیویانە بەهاوكاری چەندان رێكخراوی بیانیو نێوخۆیی پرۆژەی جیا جیا لەسەر بابەتە هەمە جۆرەكانی كۆمەڵگا بەتایبەتی گەنج پێشكەش بكەن، ئەو ناوەندە لەچەند بەشێكی جیا جیا پێكهاتووە سەرەكی ترینیان بەشی كتێبخانەكەیان كە كاریگەرییەكی باشی هەبووە لەسەر رەوشی رۆشنبیریو خوێندنەوەی لاوان لەم دەڤەرەدا، رەحمان حەلاو بەپرسی گشتی ئەم ناوەندەیەو لەسەر كێشەو گرفتەكانی گەنج لەم دەڤەرەدا بۆمان دوا "لەناوچەكەماندا گەنجێكی ئاكتیف هەیە ئەمەش بەهاوكاری كۆمەڵێ رێكخراوی دەڤەرەكە بووە دوای رزگاركردنی ئەم ناوچەیە، گەنجان توانیان هەنگاوێكی باش بنێن بەرەو دیموكراسی، بەڵام بەداخەوە دیموكراسی لەم وڵاتەی ئێمەدا وەك خۆی پراكتیزە نەكرا (جێبەجێ نەكرا)، دیموكراسی تەنها بۆ ئەوانەیە كەناوی خۆیان ناوە دیموكراسی" رەحمان راشكاوانە باسی لەدابەش بوونی هزری گەنجانكرد بەسەر ئایدیا جیاوازەكاندا گووتی "پێویست بوو هزری گەنجان كۆبكرێتەوەو ئاراستە بكرێ، بەڵام ئەوەی كە كۆش نەكرایەوە دابەشكرا بەسەر لایەنە جیاوازەكاندا، وەك ئەوەی كە چاوەروانمان دەكرد وەك ناوەندی روناكبیری خورماڵ، بەداخەوە دەسەڵات لەگەڵ بیروڕای گەنجدا نییە، گەنجیش غرورێكی تێدایە، ئەمە بووەتە هۆی كەپت كردنی گەنج"



كۆمەڵێك گەنجی خورماڵ سەرقاڵی خوێندنەوەن

# مەلا کرێکار: دوای کشانەوەی ئیحتلال لەعێراق شەڕێکی خوێناوی دروست دەبێت



دیمانەی: بەهمەن غەفور

مەلا کرێکار کەناوی راستەقینەی (نەجمەدین فەرەج ئەحمەد)ە، ساڵی ١٩٥٦ لە گوندی وولاغلووی سەر بە شاری سلێمانی لە دایك بووە. لە پاکستان بڕوانامەی ماستەری لە زانستی فەرمودەدا بە دەست هێناوە، ساڵی ٢٠٠٢ لە وڵاتی نەرویج نیشتە جێبوە، لەساڵی ٢٠٠١وە ئەمیری ئەنسارولئیسلامە، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری بزوتنەوەی ئیسلامیە، لەو دواییانەداولە دادگایەکی درێژخایەن لەوڵاتی نەرویج حوکمی دوورخستنەوەی لەو وڵاتەو گەڕاندنەوەی بۆ هەرێمی کوردستان دەرچوو بەمەرجێك بارودۆخی کوردستانو عێراق ئاسایی ببێتەوە. بەدەر لەپرسی داداگاییو سەبارەت بە چەند پرسێك مەلا کرێکار لەم دیمانەیەدا لە وڵاتی نەرویجەوە بۆ زنار دەدوێ.

زنار:لەئاینی ئیسلامدا پێویستە ڕیفۆرم بکرێت؟.

مەلا کرێکار: بسم اللە الرحمن الرحیم .. لە ئیسلامدا رەسەنێتیو نوێکردنەوە هەیە، بەقەدەر ئەوەی کە کۆمەڵێك دیدو ڕێسای نەگۆڕ هەن دەبێت بپارێزرێت، کۆمەڵێك بواری گۆڕانکاریش هەن کە بە پێی سەردەمو پێداویستیەکانی کۆمەڵگە دەگۆڕێن.. کۆمەڵێك بنەما هەن کە خودی دینەکەیان لەسەر وەستاوە ناشێت لە هیچ بارودۆخێکی موسوڵمانانداا نە بیانگۆڕن نە تەنازولیان لێ بکەن با لەسەریشی بە کۆمەڵ بفەوتێن .. ئەمانە هی ئەوە نین ریفۆرمیان لەسەر بکرێن چونکە بە سەوابیتی دینەکە ناسراون، وەکو یەکخواناسیو پێغەمبەرێتیو روکنەکانی باوەڕ .. هەروەها هەندێك ڕێسای تر هەن کە ئەوانیش هەر لە قورئانو فەرموودەوە هاتونو هی ئەوە نین کەس لە هیچ نەوەیەکدا بۆی هەبێت بیانگۆرێت وەکو ریزبەندی ئایەتەکانی قورئان، یان ئەوانەی کە خواپەرستیەکانیان پێ چەسپاوە بۆ نموونە نوێژی هەینیو جەژنەکان، کە دیاردەی خواپەرستیە کۆمەڵایەتیەکەی موسوڵمانانن .. هەندێك ڕێسای تر هەیە یاساییە وەکو حەرامبوونی شەرابو سوو، هەموو مرۆڤی سەر زەمین بە موسوڵمانو کافریەوە سوور بێت لەسەر بە حەڵاڵ زانینیان دەبێت منو تۆی موسوڵمان لەسەر حەرامێتیان بمێنینەوە، یان سزاکانن وەکو کوشتنەوەی قاتڵو رەجم کردنی زیناکار، ئەمانەش یاسای شەرعینو موسوڵمانان بۆیان نیە بیگۆڕنو بهێڵن بگۆڕرێت .. هەر کەسێك لەمانەی سەرێ شتێك بگۆڕێت مومکین نیە بە موسوڵمان بمێنێت .. هەر کاربەدەستێکیش ئەمانەی گۆڕی ملکەچی بۆ دەرنابڕرێتو یاساکانی جێبەجێ ناکرێتو بەیعەتەکەشی کە پێی دراوە هەڵدەوەشێتەوە ..

لە هەمان کاتیشدا ڕێسا شەرعیەکانی بزاوتن بە دینەکە نەرمو بەرفراوانیان گرتۆتە خۆ .. بۆ نموونە عومەری کوڕی خەتتاب خوا لێی رازی بێت لە ساڵی گرانیدا سزای دزی کە دەست بڕینە وەستاند، چونکە خەڵکی برسی بوون، بەڵام بۆی نەبوو بیگۆڕێت .. یان بۆ نموونە ئیسلام نایەوێت دیکتاتۆرێك بە لاف لێدانی ئیسلامەتیەوە ببێتە حاکم، ناشبێت بێ شورا حوکم کات .. ئەمما حاکمو شورا چۆن هەڵدەبژێررێت؟ ئەوە پەیوەندی بە قۆناغی گەشەو کۆمەڵگەو بیروهۆشی خەڵکەکەوە هەیە .. لە ئیسلامدا سەروەری هی شەرعەو دەسەڵات هی میللەتە، هەر حاکمێك لە

شەریعەتەکەی لادا شەرعێتی حوکمەکەی لەدەست دەدات .. هەر حاکمێك بە رای خەڵکی نەهاتبووە سەر دەسەڵات شەرعیەتی نامێنێت .. بەڵام ئەگەر شەرعەکەی جێبەجێ دەکردو موسوڵمانانیش نەیاندەتوانی بیهێننە خوارەوە لێی بێ دەنگ ببن چاکترە لە شۆرش بەرپا کردن دژی .. رێسا شەرعیەکانی یاساو دەستوریش بە بوارو بەرفراوانو کشاون .. بۆ نموونە کۆمەڵێك یاسای خانەوادەیی هەیە کە هاوسەرێتیو جیابوونەوەو نەفەقەی منداڵان رێك دەخات بەڵام پابەند بوونو جێبەجێ کردنیان هەقی بەسەر هەبوونی تەفاهومی نێوان ژنو مێردەکەوە هەیە .. یاساکان سەخت لەسەریان راناپەڕێنرێت، چونکە لە ئەسڵدا یاساکان بۆ رێکخستنی نێوان ئەو دوانە دانراوە جا کە خۆیان یان بە هۆی خزمەکانیانەوە گەیشتنە تەفاهوم ئیتر یاساکان خاو دەبنەوە .. نمونەیەکی کاریگەر بهێنمەوە : وەك چۆن تەڵاق بەدەست پیاوە ژنیش خولعی بە دەستە کە هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی شوو کردنەکەیەتی، هەر کاتێك هەر ژنێك ویستی لەبەر هەر هۆیەك بێت گرێبەستی مارەییەکەی پێش شوو کردنی یان دوای شوو کردنو گواستنەوەی هەڵوەشێنێتەوە، مادام ئەو داوای کردووە شەرع دەفەرموێ هەرچیت لە مارەییەکەتدا وەرگرتووە بۆ نموونە شەش تاك بازنگو گەردانەیەك بیگەڕێنەرەوە بۆ مێردەکەتو دەسبەرداری بە .. لێرەدا شەرع ناپرسێت بۆچی جیا دەبیتەوە، مەگەر بۆ ئەوەی سوڵحیان پێ بکاتەوە دەنا بۆ خۆی مادام ئەقڵی بە جیابوونەوەکە دەشکێت مافی هەڵوەشاندنەوەی مارەکردنەکەی هەیە.. بەڵام لە شوێنێکی وەکو کوردستاندا ئەم مافە تا ڕادەیەکی زۆر ڕاگیراوە ! بۆچی ؟ چونکە ژنەکە لە حاڵەتی جیابوونەوەیدا شوێن نەبووە ڕووی تێبکاتو سەربەستی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتی خۆی تێدا بپارێزێت ناچار دەبوو بێتەوە سەر ماڵە باوانی ئەوەش وەکو دەستێکی شکاو سەیر دەکرایەوە .. دەبووە بێوەژنو بێوەژنیش لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا مەرغووب نەبووە، لە بەشوو دانەوەیدا ( دەڵێم بەشوودانەوەی ناڵێم لە شوو کردنەوەیدا چونکە ئازادی زۆری خۆی لەدەست داوە ) سەد پرسیاری بەدوادا هاتووە کە بۆچی تەڵاق دراوە ؟! دیسان لەبەر ئەوەی دوای تەڵاقدان بە منداڵەکانیەوە دەچووەوە سەر ماڵە باوکی هەژاری بۆیە مەلای کورد ئەو رێیەیەیان زۆر نەخستۆتە پێش ژنان تا دیاردەی شیرازە پسانی خێزانەکان کەم بکەنەوە گەرچی لەسەر حسابی مافی ئافرەتەکەش بووە .. بەڵام هەر هەمان خێزان دێنە لای

من لە ئەوروپاو ژنە بەهانەیەکی مەعقوول دەخاتە روو خەمی جیابوونەوەیم نیەو رێی خولعەکەی بۆ باس دەکەم، چونکە لە جیابوونەوەی ناترسم، خانووی خۆی دەدرێتێ، پارەی منداڵانی خۆی تا تەمەنی ١٧ ساڵان وەردەگرێت، پارەی خۆی لە دائیرە کۆمەڵایەتیەکانەوە بۆ خەرج دەکرێت تا کارێکی وا دەدۆزێتەوە لەگەڵ سروشتو شارەزایی خۆیدا بگونجێت .. بەڵام لە ئێستای کوردستاندا ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی کوردی توانی ئەو بارودۆخە ئازادیەی ئافرەتان فەراهەم بێنێت چ ئیشکالێکمان لە خولعی ئافرەتان نامێنێت، مادام معاشو خانوو سەربەستیان مسۆگەر کرابێت. هیچ شورەییش نیە ژنێك ئەو کاتە سێ چوار شوو بکاتەوە .. من لە شووکردنەوەی ئافرەتێکی سۆماڵیدا بەشداربووم بێ تەریق بوونەوەو شەرم کردن ووتی : ئەوە حەوتەمین شوومە !! چونکە شوو کردنو جیابوونەوەی لە کۆمەڵگەی سۆماڵیدا ئاسانو ئەوەندەی کۆتی قورس پێوە هەڵنە بەستراوە.. ئیتر بڕۆ بۆ هەموو یاساو رێساکانی تر ..

زنار:تاچەندە مەترسی دەبێ گەر ڕیفۆرمیستەکان هەوڵدەن تیۆری ئاینو ئاینی کۆمەڵگە لەدەسەڵاتو دەوڵەت وەدەرنێن؟

مەلا کرێکار: جویێ کردنەوەی دین لە سیاسەت، دین لە دەوڵەت، دین لە یاسا بە هەموو شێوەیەکی کوفرە، هەر پەرلەمانێك، هەر حاکمێك ئیمزای بڕیاری وا بکات بە کافر حسێبە، کە کافریش حسێب کرا یەعنی هیچ فەرمانێکی تری شەرعی نامێنێت، بۆ نموونە پەرلەمانی کوردستان شتێکی وا بڕیار بداتو هەر حاکمێك ئیمزای کات هەردووکیان پێی کافر دەبن، دواتر لە هێرشێکی داگیر کەراندا بۆ سەر کوردستان داوامان لێ بکەن ببینە پێشمەرگەو بەرگریی لە خاكو دەسەڵات بکەین لەژێر ئاڵای ئەواندا جائیز نابێت چەك هەڵگرین، هەر کەسێکیش لەژێر ئاڵای ئەواندا بکوژرێت کوژرانێکی جاهیلییە وەکو پێغەمبەر علیە السلام لە حەدیسی سەحیحدا فەرموویەتی ..

زنار: وەك ئاین ناسێكو زانایەکی دینی پێت وایە ئیسلام بتوانێ فۆرمێکی سیاسی وەربگرێ بەبێ بەکارهێنانی هێز؟.

مەلا کرێکار: بەلێ بە تەئکید .. بەڵام کوا ئەو کەشو دۆخەی دەستەبەر دەکرێت، خۆ بەرەی ئیسلامی ئینقازی جەزائیر لە ساڵی ١٩٩٢ دا ٧٨٪ کورسیەکانی هێنا بەڵام عەسکەریتاریایەکی رەزاقورس ولاتی کردە گۆمی خوێنو بڕی ١٥٠،٠٠٠ کەس لە فیتنەی شەڕی ناوخۆدا کوژران !! هەموو سەرکردایەتی بەرەی ئینقازیش یەکی ١٠ - ١٢ ساڵ زیندان کران !! ئێستاش مافی

پێکهێنانەوەی حزبی سیاسیان نیە !! یان ئەوەتا لە پاکستان ئیسلامیەکان دەهاتنە پێش جەنەراڵێکی ئەمریکایی کە پەروێز موشەڕەفە ئینقیلابێکی سەربازی کردووەو ئەمریکاو هەموو رۆژئاوا پیرۆزبایی لێ دەکەن چونکە هاوسەنگەریانەو ئەهلی ئیسلام پێشێل دەکات .. ئەوە فەلەستینو هەڵبژاردنی حەماسو پشوو درێژییو خۆگرتنی لەسەر ئەو پیلانە ئاشکرایانەی بەرامبەری دەکرێت .. بەڵام لە تورکیا چونکە دیموکراسیەکە وا لەژێر سایەی یەکێتی ئەوروپادا ئیسلامیەکان هاتنە پێشێو ئاقڵانەش بێ ئەوەی باسی نوێژو ڕۆژوو حەج بکەن باسی پێداویستیە سەرەکیەکانی مرۆڤیان لە خۆراكو خانوو هاوسەرێتیو کار کردن کرد، ئەمانیشیان دایە هەموان .. قەرزی ولاتیان دایەوە، بەتاڵەیان نەهێشت، لە رووی یەکێتی ئەوروپاشو ولاتی موسوڵمانانیشەوە چوونە پێش، گەیشتنە ئەوەی کە چەك بە هۆڵەندا بفرۆشن !! بە هەمان وردەکاریشەوە بڕوانە موسوڵمانانی سیاسیو پرۆژەی ئیسلامیەکانی مالیزیاو کوەیت کە لە کەشێکی ئازادیدا ولات بنیات دەنێن ..

ئیسلام لە ئەسڵیدا بانگەوازێکی ئاشتیانەی گۆڕانکاریی کۆمەڵگەیە بەڵام ئەمە ئارەزوویەکە کە بە دەسەڵاتی جاهیلیەت دەکێشرێت، جاهیلییەت ناهێڵێت گەشە بکات، بۆیە ڕێی لێ دەگرێت، دەیگرێت، لە دوزاقی دەنێت تا چەکداری دەکات .. ئیتر بواری تەفاهوومو پێکەوە سازان تەنها لە تەقەبەستدا خۆ دەگرێتەوە نەك لە پرۆژەیەکی هاوبەشی کۆمەڵگەی مەدەنی .. بۆچی ؟ چونکە بەرەکانی جاهیلیەت کاتێك دەرەقەتی ئیسلام نایەن دەیانەوێت بە هێزی بازوو رێی لێ بگرن .. بۆچی جاهیلییەت دەرەقەتی ئێمە نایات ؟ لەبەر ئەوەی ئێمە لە یەك کەسایەتی موسوڵماندا چوار بنەما کۆدەکەینەوە کە جاهیلییەتی بەرامبەرمان نیەتی یان لە سەرچاوەی جۆراو جۆرەوە دەیانهێنێتو دواییش پێی پینە ناکرێن پێکەوە .. ئێمە ( ڕوانگەی فەلسەفی )و ( ڕێبازی سیاسی )و ( ڕەفتارو ڕەوشت )و ( نەریتە کۆمەڵایەتیەکان ) هەموو لە دیدە دینیەکەمانەوە دێنین .. سەرچاوەی هەموویان قورئانو سوننەتن .. بەڵام بەرامبەرەکەمان لە سەرلێشێواوی خۆیدا هاتووە ( ڕوانگەی فەلسەفی مارکسیزم )ی کردۆتە دیدی ململانێی خۆی، کەچی ( ڕێبازی لیبراڵی ڕۆژئاوای سەرمایەداریی ئەمریکا )ی کردۆتە ڕێبازی سیاسی !! لە ڕەفتارو ڕەوشتیشدا سەری لێشێواوە کە ڕەوشت چیە؟ بۆیە لە نەمانی زەمینەی ڕەوشتی خۆیدا ( ڕەوشتی سەر شەقامەکانی

ئەوروپا )ی پێ پەسەندەو ئەوەی هێناوە بۆ کۆمەڵگەی کوردەواری .. ئەمە سێ شتی جیاواز، ئینجا بە فەرمانی ئیحتیلال یان بە سەرسام بوون بە شارستانێتیەکەی هاتووە ( کلتوری ڕۆژئاوایی ) لە زەمانی عەولەمەدا خواستووەو دەیەوێت بیکاتە ئاڵتەرناتیڤی بەهاو نەریتی بابو باپیرانی کورد .. ئەمەش پێکەوە ناسازێن، بۆیە دەبینیت ئەوی بەرامبەرمان لەسەر تەلەفزیۆن بە دیدو کلتوری ڕۆژئاوا دەدوێت کەچی بەسەر کلتوری ناخی خۆیدا زاڵ نابێت تا ڕێدات ژنو خوشکی لە باخەڵی گەنجێکی مەستی غەریبەدا ڕۆژکەنەوە !! کە بە پێی نەریتە ڕۆژئاواییەکەی ئەم باڵۆرەی بۆ لێدەدات، ئاساییە !! ئەمە ئەو قەیرانەیە کە ئێستا کوردایەتیەوانانی تێ کەوتووە !! ئەوەی ئێمە ڕوانگەی مەدرەسەیەکە، زەمینەی فیکرەکەی لە ( قل هو الله احد) دایە، ڕێبازی سیاسی لە بانگەوازی پێغەمبەری ئەو ( قل هو الله احد )ەدایە، ڕەفتارو ڕەوشتیشمان وەرگیراوی ئاراستەی قورئانو حەدیسە، بەهاو نەریتی کۆمەڵایەتیشمان ئەوەیە کە یاوەرانی پێغەمبەری علیه السلام لەسەری بوون .. بۆیە هەست بە هیچ گرێو گۆڵێك ناکەین لە گونجاوی هەر چواریاندا پێکەوە، بەڵام کابرای بەرامبەرمان چونکە وەك چێشتی مجێور هەر ڕوکنەی لە شوێنێکەوە هێناوە خۆی پێ پارسەنگ ڕاناگیرێت بۆیە لە تاوان لە زیندانەکانمان دەپێچێت !!

زنار: پێتوایە لە عێراقدا مشتومڕ بکرێ لەسەر دەوڵەتو ئاینو کۆمەڵگەو قەیرانەکان بە هاوبەشی چارەسەر بکرێ ؟ ڕونتر بڵێم بە دامەزراندنی گرەنتی ئازادی ئایین کێشەکانی کۆمەڵگە چارەسەر بکرێ؟.

مەلا کرێکار: ئەوەی ئێستا لە عێراقدایە هەر ئەو ململانێ خوێناویەیە کە جەنابت ئاماژەی پێ دەکەیت .. سەرزارەکیو بنزارەکی دەبەرێك راچوونی دیدو تێڕوانینە فیکریەکانە کە ڕێبازە سیاسیەکانیان لەسەر دامەزراوە .. ئەو مشتومڕەی ئێستا ئەو ململانێیە کە مەرجەعییەت هی کێیە ؟ ئیسلام یان عەلەمانیەتی ئەمریکایی ؟ گرەنتی ئازادی ئایین کێشە چارەسەر دەکات بەڵام نەك ئەوەی ئێستای عێراقی هەڵوەشاو .. ئازادی ئایین ئێستا دەدەیتە دەست کێ؟! دیدی ئاینیانەی شیعەکانیان سەلماندیان کە زۆر گیرۆدەی ڤینی مێژوویینو زۆر زەحمەتە بیگوزەرێنن، دیدی ئاینی زۆرێك لە سوننیەکانیش لە دوای ڕمانی تاغووت لەدایك بوون، یەعنی لە بارودۆخێکدا هەتا بڵێیت پشێوو بێ کەسیە، دەڵێی مەلۆتکەیەو لە کەلاوەدا لەدایك بووە، هیچ مقەووماتێکی تەندروستی دەروونی بە زۆریانەوە نابینم .. هەموو چەکدارنو هەر هەمووشیان پێیان وایە ئەوەی ئەوانی لەسەرنی عەینی ڕاستیەو نابێت کەس لێی لادات !! بۆیە پێم وایە چارەسەری یەکەم : تێکشکانی ئیحتیلالە، بەزینێتی، پاشەکشەیەتی .. دوای شکستی ئەوو ماوەی چەند ساڵێکی تر پێك کێشانێکی خوێناوی دروست دەبێت پاشان هەموو بە یەکتریی پارسەنگ دەبنەوەو دەگەنە قەناعەتی تەقەبەسو لێك حاڵی بوون .. لایەکی کێشەکەش ئەوەیە کە وڵاتانی دراوسێ دەستیان تا ئانیشکیان وەکو ئیحتیلال لە زامی عێراقدایە .. هەموویان ئەمنیەتی عێراق بە بەشێك لە ئەمنی قەومی خۆیان دەزاننو هەر یەکەشیان دەیەوێت بۆ لای ئەمنی قەومی خۆی ڕاکێشێت!!!.

زنار: بۆچی هەمیشە تیرۆرستەکان لە کۆمەڵگە دواکەوتوەکاندا گەورەدەبن هەمیشەش لەچینی مامناوەندین؟

مەلاکرێکار: ئەمە وانیە .. جارێ تیرۆریست نابێت هەر وا بزانین دەمانچە بەدەستێکی ڕوتەڵەی بێ نازو مەحرومەو تۆڵەی خۆی لە دەسەڵاتو لایەنگرانی لە ناو کۆمەڵگەدا دەکاتەوە .. نەخێر .. یەکەمین تیرۆریست دەسەڵاتی شارستانێتی ڕۆژئاوایە کە لە کۆی شەش ملیار مرۆڤی سەر زەوی یەك ملیارو نیوی وا هەژار کردووە کە یەکی یەك دۆلاریان ڕۆژانە دەست ناکەوێت !! لە کاتێکدا ئیحتیلال لە عێراقدا ٤٥٠ ملیار دۆلاری خەرج کردووەو بایی دە ئەوەندەشی وێرانکاریی کردووە !! سعودیە بڕی ١٢ ملیۆن بەرمیل پیترۆل ڕۆژانە دەردەهێنێت ، لە ساڵێکدا پێویستی بە کەمتر لە پارەی دوو مانگی ئەو نەوتە هەیە ( ئەگەر بەرمیلی بە ٧٠ دۆلار بفرۆشرێت ) کەچی بڕی ٧٢ر٠٠٠ خانەوادەی سعودی لە سەردەمی کوفی عەنانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لەژێر هێڵی هەژاریەوە بوون !! ئەدی پارەی دە مانگەکەی تر بۆ کوێ دەچێت ؟! مەغریب یەکەمین ولاتی جیهانە لە فۆسفاتدا کەچی ١٣٪ کۆمەلگەی مەغریبی لە خانووی تەنەکەدا دەژینو سێ ملیۆن مەغریبی لە ئەوروپا دەژین !! کێ تاوانبارە ؟ دەسەڵاتی شارستانێتی ڕۆژئاوا کە باوەڕی بە داروینیزمی کۆمەڵایەتی هەیە، ئەو تاوانباری یەکەمە ! کە پێی وایە چەوسانەوەو ڕوتانەوەی هەژارەکانی جیهان لە لایەن خاوەن هێزەکانی ڕۆژئاواوە شەرعیە !! هەر هەموو ئەمریکایی پێیان وایە دزینی نەوتی عێراق لە لایەن ئیدارەی جۆرج بۆشەوە شتێکی ڕەوایە چونکە بۆ هاووڵاتیانی خۆی دەهێنێتەوە !! ئەم دیدە خەتەرە .. ئەمەیە زەمینەی دەرچەی ئەو تیرۆرەی ئاماژەت پێ کردووە .. بێگومان ئەوەش لەوێ بوەستێت کە مەرج نیە ئەوەی تۆ پێی دەڵێیت تیرۆر منیش بەو دوعایەت بڵێم ئامین ..

زنار: من پێم وایە (سنوری ئیسلام سنورێکی سورو خوێناویە) تۆ لەسەر ئەمە بۆم بدوێ ؟

مەلا کرێکار: سنوورەکە لە ناوەوە وا نیە .. سنوری ناوەوە زۆر دوورو بەرفراوانە چونکە کوشتنی یەك کەس کاتێك دێتە دی کە بۆتە سزای تاوانێك ، تاوانەکەش مەرجە لە دادگای شەرعیدا ساغ بووبێتەوە کە ئەو کەسە شایانی ئەو سزایە بووە .. سنوری دەرەوەی ئیسلام پەرژینە ، نابێت هەروا کافرانی موحاریب بە ئەمانەوە بیبەزێنن، ئەم سنوورە بە ڕووی ئەواندا سورو وێناویە نەك لە ناوەوەو بەڕووی هاووڵاتیانی دار الاسلامدا .. ئەوەشە جیاوازی ئوممەتی ئێمەو هیندە سوورەکانی ئەمریکاو ئوستراليا کە ئیبادە کران !! هیچ داگیر کەرێکی کافر نەیتوانیوە بەسەر ئوممەتەکەماندا زاڵ بێت، لە ماوەی حوکمی ٢٠٠ ساڵیشیاندا نەیانتوانیووە ئازادانە قەناعەت بە ئوممەتەکەمان بکەن واز لە دیدی دینی خۆی بۆ ژیانو گەردوونو مرۆڤ بهێنێتو دیدو تێڕوانینی ئەوان وەربگرێت!! ئەمە سنوری ئیسلام لە هەردوو دیوەوە، لە دیووی ناوەوە زۆر بەرفراوانە کە یەکێکی وەکو حەللاج کە دەیووت من خوامو خواش چۆتە منەوە دادگاییەکەی حەوت ساڵو نیوی خایاندو لە هیچ ماوەیەکیشیدا زیندان نەکرا !! ئەمە خوێن نەڕشتنە، بەڵام سنوری دەرەوەی بە تەئکید بە ڕووی دوژمنانیدا هەتا بلێیت خوێناویە، چونکە ئەو خوێنەیە کە ئەم ئیسلامەتیەی پاراستووە.. خەڵکێك سنوری ناوەوەی خۆی گۆمی خوێنەو سنوری دەرەوەشی جۆگەلەیە هەر لەبەر ڕەنگی سەوزو زەرد !! کەچی کەڕو کاسیشیان کردووین بە دیموکراسیەت !! تومەز ئەوان کەر داخ دەکەن و گەلیش پێی وایە کەباب دەبرژێنن !!

زنار: پێت وایە توندو تیژی دیاردەیەکە لکاوە بە ئیسلامەوە؟.

مەلاکرێکار: نا پێم وا نیە .. ڕاستە ئێستا لە دوای گورزەکەی یازدەی سێپتەمبەرەوە کە وەك کاردانەوەی ڕەفتار بە گیانی جالووتیانەی ئەمریکا کێشرا، لە سەراسەری سەر زەمیندا خۆمانو دینەکەمان خراوینەتە ئەو بازنەیەوە بەڵام ئەوە چەواشەکارییەکە بۆ ئەوەی خەڵکی گوێمان لێ نەگرن .. ئەگینا ئیسلام بەراستی بەرنامەی بەختەوەرییە بەڵام داخەکەم وەکو گوێزێکی ساغو چاکەو دەرەوەی پیس کراوە تا کەس بێزی نەیەت توخنی کەوێت .. بەڵام ئەمەش قۆناغێکەو بە پشتیوانی خوای خاوەنمان سەربەرزانە بە پشووی درێژەوە دەیبڕین .. مادام عبدالله گوڵ چووە سەر کورسیەکەی مستەفا کەمال هەوارگەکانی تر نزیکن ..

# پەرەسەندنی زمانی کۆمەڵایەتی لای منداڵ

شەهاب شێخ تەیب

دەتوانین ناوی هەندێ لەو کردە (کردنە) گشتیانە دیاری کەین، کە منداڵان لە قۆناغی پەرەسەندنو پێکهێنانی زمانی کۆمەڵایەتیان پێ تێدەپەڕن. لە سەرەتادا دەبێت جەخت لەسەر ئەوە بکەین، کە دەبێت مامەڵە لەگەڵ کردە گشتیانەی (التعمیمات) خوارەوە بکرێت، کە گریمانەیەکی نە چەسپیوی ئەو توێژینانەن کە کراوە، ئەو گریمانانەش زۆر کەم پشت دەبەستێت بە لێکۆڵینەوەو دیراسەکردن، یەکێ لەو کردنە گشتیانە بریتیە لە نمونەی زمانی (النماذج اللغویة) کە منداڵان لەسەری دەڕۆن، زۆر کاتیش نمونە زمانییەکان لەسەر ئەم شێوازە ڕێك دەخەن. منداڵ یەکەمجار هەمان ڕێچکەی باوكو دایکی دەگرێتە بەر پاشان ئەوانەی هاوتەمەنی خۆینو دوا جاریش پێگەیشتوان (البالغین)، (ولیام لابوف) ئەوە دەبینێت کە منداڵ زۆر جار لەسەر هەمان ڕێچکەی دایكو باوکی دەڕوات، تا دەگاتە تەمەنی ٣ ساڵ، یان ٤ ساڵ، پاشان ڕێچکەی هاوتەمەنەکانیو تا دەگاتە (١٣) ساڵی کە ئەمجارەیان ریچکەی پێگەیشتوان دەگرێتە بەرو خۆی دەگەیەنێتە جیهانی ئەوان.

زانایان بیروڕای جیاوازیان هەیە لەباری دیاریکردنی تەمەنی گواستنەوەی منداڵان لەو سێ ڕێچکە گرتنە ( تەمەنی ٤ تا ٦ ساڵ، لای هۆکێتو لە دوو کەمتریش لای بولینجر) وەك دیاریشە زۆرینەی منداڵ نمونەی زمانی لە هاوتەمەنەکانیان وەردەگرن، وەك لە دایكو باوکیان. هەندێك منداڵیش پێچەوانەی ئەمانەی سەرەوەن کە باس کران، بۆ نمونە منداڵێکی کورد لە ئەوروپا لەدایك بێت، بە هەمان لەهجەی ئەوان قسە دەکاتو مەرجیش نیە لە دایكو باوکیەوە فێربوبێت، بەڵام ڕووداوی هەرە گرنگو سەیر ئەوەیە دیاردەیەك هەیە لەژێر ناوی (بەرهەمی تەمەنی- النتائج السنی) ئەم دیاردەیە لەزۆر کۆمەڵەدا هەیە، ئەم دیاردەیە بریتیە لەوەی کە شێوەیەکی زمانی هەیە تەنیا منداڵ لە قۆناغی وەرگرتنی هاوتەمەنەکانی بەکاری دەهێنێ. ئەم شێوەیەش منداڵ بەکاری دەهێنێ، بێئەوەی پێگەیشتوان بەهیچ جۆرێك بەکاری بهێنن. لەوانەیە ئەم شێوەیە زۆر کۆن بێتو بەکار نەهاتبێت، گەر بێتو بەراورد بکرێت لەگەڵ ئەو شێوانەی کە پێگەیشتوان بەکاری دەهێنن، بۆ نمونە لەنێوان منداڵانی ڕەشپێستی ئەمریکی تەنیا ئەوان شێوەزمانی (کەریولیە- الکریولیە) بەکار دێنن، بڕوا وایە کە ئینگلیزیی ڕەشپێستەکانی ئەمریکی لەوەوە پەرەی سەندبێت. هەریەك لەئێمە لە تەمەنی منداڵیدا هەندێ ڕۆشنبیری زارەکی (الثقافة الشفهیة)ی وەك سروودو گۆرانی..هتد فێر بووین، ئەمانەمان لەبیرچووەوە، کە لەکۆندا فێری بووینو لە تەمەنی پێگەیشتن بەکارمان نەهێنا، لەلایەکی دیکەوە هەندێ لە زانایان وا دەبینن کە قۆناغی وەرگرتن لە هاوتەمەنان (احتذاء الاقران) ئەوەیە کە یاسای زمانی پێگەیشتوان دەچەسپێنێت، سەرەڕای ئەوەی کە خەسڵەتی زمانی غەیرە پێگەیشتوانی تێدایە.

پێشبڕکێی نێوان منداڵان هۆکارێکی گەورەیە بۆ دروستکردنی جۆری یان پێکهێنانی شێوەی قسەکردن بەدرێژایی تەمەنی، لەم کاتەی ئێستاشماندا سەرچاوەیەکی کاریگەر هەیە بۆ وەرگرتنی زمان لای منداڵ ئەویش سەرچاوەی ڕاگەیاندنی جەماوەرییەو بەتایبەتی تەلەفزیۆن بە وێنە منداڵ لەوانەیە بتوانێ هەندێ شێوەی قسەکردنی جۆراوجۆر بەکاربێنێت لەیاریەکی نواندندا لێرەدا دەبێت وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە بەستراوە بەم ڕووداوەوە. لەکام تەمەن منداڵ درك یان هەست بە نیشانە (دلالە)ی کۆمەڵایەتی بکات شێوەکانی قسەکردن دەکات؟ وا دیارە کە لەتەمەنێکی زوودا هەست بەو شێوە قسەکردنانە دەکات، ئەوە بینرا کە ئەو منداڵانەی لەژینگەیەك ژیانو لەسەر زمانێکی دوو لایەنی (الازدواج اللغوی) چەسپیوە. هەستیان بەوە کرد کە دەتوانن دوو سیستەمی زمانی جیاواز بەکار بێنن، لە تەمەنی (١٨) مانگیدا، هەندێ وا دەبینن کە ئەمە لە تەمەنێکی زوودا بەکار دێتو هەندێکی دیکەش ئەمە لە تەمەنێکی درەنگتر دەبینن منداڵێك فێری زمانی الجارو بوو، لەو ژنەی کە بەخێوی دەکردو لە هەمان کاتیشدا زمانی ئینگلیزی فێربوو لەدایكو باوکی، تەمەنیشی لەنێوان دوو ساڵو سێ مانگ بوو، ئەو کاتە هەستی بەوە کرد کە خەڵکانی جیاواز بە زمانی جیاواز قسە دەکەن، پێش ئەوەی بگاتە ئەو تەمەنە واتا لە تەمەنی (١٨) مانگیدا هەستی بەوە کرد کە زیاتر لە وشەیەك هەیە بۆ دەربڕینی هەمان شت، بۆ نمونە وشەی (شیر) (Milk) و بە زمانی الجارو (Dut) ە، ئەو کاتە نەگەیشتبوە هەستکردن بەدوو



سیستەمی زمانی جیاواز، بەڵام سەبارەت بە جیاوازی لەهجەکان بەڵگەیەکی زۆر کەم هەیە، کە منداڵ هەستی پێ بکات. کەوابوو لەبارەی قسەکردنی منداڵ، چۆن ئەمە پەرە دەستێنێ لەڕێی پەیوەندیەوە، لەڕێگای ژینگەی کۆمەڵایەتیدا؟ وەك ڕوونە منداڵان لە تەمەنێکی زوودا، قسەکردنیانو وشەکانیان دەگونجێنن بەپێی سیاقێکی کۆمەڵایەتی، لەو کاتەی کە دەست دەکەن بە قسەکردن بەشێوەی جیاواز قسە دەکەن لەگەڵ خەڵکانی جیاوازدا، ئەمەش شتێکی سەیر نیە کە زانیمان قسەکردن تەنیا یەك لایەنی ئەو خوو ڕەوشتە کۆمەڵایەتیەیە، لەگەڵ ئەوەشدا لە تەمەنێکی زوودا واتا لەساڵی یەکەمی تەمەنیان پێش ئەوەی فێری شێوەی پێگەیشتوان بن، دەنگی جیاواز بەکار دێنن بۆ کاری جیاواز وەك پرسیارکردن لەبارەی شتێکەوە یان گووتنی وتەیەك وەك (سەیرم کەن، من قسە دەکەم)، یەکێ لەزانایان ئەوەی گووت کە منداڵێك لە تەمەنی ٢٣ مانگیدا قسەکانی یاخود وشەکانی بەشێوەی بڕگە دەردەبڕێ، کاتێ هەستی بکردایە کە بەرانبەرەکەی لێی تێناگات. لە سێ ساڵیدا منداڵ دەتوانێ جیاوازی لەنێوان دوو زمانی جیاوازی باوكو دایکی بکات، هەروەها لە تەمەنی سێ ساڵیدا دەتوانێ لاساییکردنەوە بکات، وەك دەوری (پزیشك یان گاوان، یان منداڵێك شیر بخوات). لە تەمەنی چوار ساڵیدا بەشێوەیەکی زۆر باش دەتوانێ لاساییکردنەوە بە ئەنجام بگەیەنێو بەڕووی دایکیەوە بقیژێنێو بەشداری یاریکردنی ئاڵۆز بێتو دەشتوانێت چیرۆكو هەکایەت بگێڕێتەوە، بۆیە نابێ بڕوا بەوە بکەین کە کۆتاییەکی دیاریکراو هەبێت لە پرۆسەی وەرگرتنی شێوەی تازەی قسەکردن.

# ئێستێتیك

کاوە جەلال لە ئەڵمانیەوە بۆ کوردی گۆڕیویەتی

## بەشی سێیەم

### ٥- ڕێنیسانس

گەیاندنەکە لە تیۆری و پراکسیسی دانتەدا (١٢٦٥-١٣٢١)، هەروەها لە نووسەرانی ترێچێنتۆی دیکەی فلۆرێنسایدا، ئەنجام دەدرێ. لە ڕێنیسانسدا پلەیەکی چۆنێتییانەی نوێی هونەرو ئێستێتیك دەرکەوتو زەمینەکەی برێتی بوو لە پەڕینەوەیەکی سەرەتاگرتووی درێژخایەن لە چەرخی نێڤینەوە رووەو نوێکات، کە لە ئیتالیای سەدەی چواردەیەم و پازدەیەمدا گۆڕان پێدرا، ئەمەش بێگومان لە سەردەمی ئاوەڵابوونی پێوەندییە پێش و سەرەتاییە سەرمایەدارییەکانی (...) بۆرژوازییەکی فرە گۆڕدراوی شاردا (بە تایبەتی لە فلۆرێنسا و ڤینیسیا)، کە هاوکات توخمی ئەریستۆکراتیانەشی لە خۆ گرتبوو. هونەر و ئێستێتیکی نوێ چوو بوونە خزمەتی هەوڵە شۆڕشگێڕییەکانی ئەم بۆرژوازییەی شارەوە بۆ ئازادبوون (ئێمانسیپاسیۆن) لە مەرجە ترادیسیۆنییەکان، بەتایبەتی لە مەرجە فیۆدالییەکان، هەروەها چووبوونە خزمەتی رەهەندەکەی ئەوەوە بۆ کراوەیی رووەو جیهان، کراوەییەك کە سەرەنجامی چالاکییەکانی ژیانی خۆی بوو، هەروەها لە خزمەتی گۆڕان و رووداونە نەسازە کۆمەڵایەتی-ئابووری و سیاسییەکاندا بوون.

ریالێتی برێتی بوو لە پنتی دەرچوون و ئامانج لە بەرژەوەندیی تاکەکەسێکدا، کە بە شێوەیەکی پراکتیکی چالاك و هاوکات بەرپرسیار بوو. لەتەك پێداویستییە جیاوازەکانی تاکەکەسدا نەك تەنها هونەرێك دەگونجا، کە هەمەشێوە بوو و زۆرتر لەسەر بناغەی ئەزموون دامەزرا بوو، بەڵکو هەروەها ئێستێتیك و تیۆرییەکی هونەر، کە دوور پەلی دەهاویشت و بە دەوڵەمەندی بونیاد نرا بوو:

١) گەرچی کاری دابەش بە گشتی پێش دەکەوت و هونەرمەندان هەمیشە پتر وەك پسپۆر دەردەکەوتن، کەچی لە ئێستێتیك و تیۆریی هونەردا، هەروەها لە کارکردنی زۆر هونەرمەنددا (بەتایبەتی لیۆناردۆ دا ڤینچی)، ئائۆژییەکانی بابەتاندنی هێزە ناخەکییەکانی مرۆڤ هێڵرانەوە، ئەمەش تەنانەت پەیوەست بە بەرهەمهێنانی پراکتیکییانەی سوودمەندەوە. لەم روانگەیەوە لیۆ باتیستا ئالبێرتی، کە تەلارساز و فەیلەسوف و هۆنەر بوو، بەڵام هاوکات هەمەلایەنیترین تیۆریکەی سیستەماتیکیانەی ڕێنیسانسی ئیتالی بوو، لە



هونەری بیناسازی سووك و ئاسان بیناکردن تێدەگەیشت، بەڵام بیناکردنێك، کە رەچاوی فونکسیۆنالێتی (کارایەتی) و تۆکمەیەتیی تەکنیکییانە و هەروەها کاریگەریی سێنسیانەش بکات. بە هەمان شێوە لیۆناردۆ و دیوەڕەر و میگێلئەنجلۆ، چ وەك هونەرمەند و چ وەك تیۆریکە، ئەو تێڕوانینەیان هەبوو، کە پێویستە پەیوەندییەکی هاوشێوەی بناغەیی لەتەك ریالێتیدا هەبێ.

٢) لە ئێستێتیك و تیۆریی هونەردا سەرجەم هزرینی تیۆرییانەی هونەر رووەو کامیلکردنی مرۆڤ و کۆمەڵگە ئاراستە درابوو؛ ئەمە بە هەمان شێوە هەڵوێستی هومانیزم بوو، کە لە رادەیەکی باڵادا زانیننومای مۆرالی پێکدەهێنا؛ لە هەردووکیاندا پەرچاندن سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان ژیانی چالاك (ڤیتا ئەکتیڤا) و ژیانی دوورەپەرێز (ڤیتا کۆنتەمپلاتیڤا)، هەروەها سەبارەت بە رەفتاری مرۆڤ ئەنجام درا. لەم روانگەیەوە جوانی و هارمۆنی لە هونەردا وەك خۆمەبەست دانەدەنران، بەڵکو وەك دەستوێژ، یان وەك پارادیگما بۆ ئەم کامیلبوونە، یان برێتی بوون لە کێش و رێکخستن (رێژە - و) لە شێوەی دەربڕیندا بە ئامانجی هێنانەئارای ئەم کامیلبوونە. سەرجەم لێهزرینەکان، بۆ نموونە (لەپاڵ هەوڵی هەندێك هونەرمەندی دیکەدا) هەوڵەکەی لیۆناردۆ بۆ دیاریکردنی چۆنێتی (das Typische) و هەروەها دیالێکتیکی ناوەرۆك و دیاردە لەنێو جوانیدا، بە جەختییەکی هومانیستییەوە روویان

دەکردە کەرامەتی مرۆڤ و رۆڵی کەسێتی. ئەلبێرتی، بە هەمان شێوەی لیۆناردۆ، لە نووسینەکانیدا پێشبینیی ئیدیالی (نموونەیی) بۆ هونەری شێوەسازی وەرگرتبوو؛ ئەم پێشبینییە ئیدیالانە لە روانگەی ئەو هاوکات چ بۆ تەلارسازی و شار (شاری نموونەیی)، چ بۆ کەسی تاك و خێزان و کۆمەڵگە وەك سەرجەم چواندنیان هەبوو، هەروەها تەنانەت لە ستایشکردنی (مەزنیدانی) کەسایەتییە مەزنەکانی سەردەمانی جیاوازیشدا بنجیان گرت.

٣) لە سەدەی پازدەیەمدا، بە شێوەی جیاواز، درێژە درا بە نرخاندنی بەرزی ریالێتیی دیار، بەتایبەتی بە سروشت. بێگومان ئەم نرخاندنە بەرزە سەرەتا لە فەلسەفەی ناوگەراییەوە (لەپاڵ هەندێك جەرەیانی دیکەدا) هاتە گۆڕێ. لیۆناردۆ دەیگوت، هونەری شێوەسازی پەیوەندیی بە "فۆرم و دیاردەکانی سروشت"ەوە هەیە؛ لە روانگەی لیۆناردۆ شێوەسازی روو دەکاتە جیهانی دیار، روو دەکاتە رەنگ و شێوە، روناکی و فۆرمی بابەتەکان، بەڵام زانست بە پێچەوانەوە روو دەکاتە کرۆکی جەستە. ئەم جیاوازیکردنە گرنگە برێتییە لە درێژەدان بە تێڕوانینەکانی ئەریستۆتێلیس و لوکرێز. لێهزرینەکان سەبارەت بە لاساییکردنەوەی رووداوگە، سەبارەت بە "قەوارەی مامنێوەندی" لەنێو جوانێتیدا، سەبارەت بە رێژەکانی جوانێتی و جوانیی روناکی و سێبەر، کە سەراپا مۆرکی رێنیسانسن، روو دەکەنە روونکردنەوەی زانستییانەی "جوانێتیی یاسامەند"ی هەستپێکراو و بناغەکەشی لە سروشتدا

گریمانە دەکرێ. بۆیە لیۆناردۆ دەیگوت، هۆشی هونەرمەندی شێوەساز گەرەکە هاوشێوەی ئاوێنە بێ. لیۆناردۆ لە لایەکی دیکەوە ئەو تێڕوانینەی هەبوو، کە جوانە-هونەر لە لایەن هونەمەندەوە دەهێنرێتە ئاراوە، بەڵام لیۆناردۆ هاوکات ئەوەشی دەخستە سەر، کە هونەرمەند رەچاوی ئەوەش دەکات، کە داخۆ چ شتێك بۆ "سومئەی گشتی" جوان بێ. دیوڕەر هزرۆکەی هاوشێوەی بەو وشانە دەربڕی، کە هونەر لەنێو سروشتدایە، بەڵام هونەرمەند دەبێ لە ناخەوە پڕ بێ لە وێنە. هەروەها لێهزرینە پوختەکانیش سەبارەت بە چۆنێتی، یان سەبارەت بە دیالێکتیکی ناوەرۆك و دیاردە، خۆیان لێرە دەبیننەوە. بەمەش تیۆریی لاسایی لە رێنیسانسدا ئاگامەندانە دژبەرییەکەی نێوان سەبژێکت و ئۆبژێکت دەپەرچێنێ، ئەو پەرچاندنەش بەو شێوەیە ئەنجام دەدات، کە لە لایەك داوای "هاوشێوەیی" دەکات، بەڵام لە لایەکی دی داواکارییەك بۆ ئەوە بەرز دەکاتەوە، کە "جوانیی بخرێتە سەر" (ئەلبێرتی) ئەو هاوشێوەییە. هونەر بەرێی ئەندێشە و هێزی داهێنەرییەوە (inverzione) سروشت کامیل دەکات، یان هونەرمەند جەوهەری ناخەکیی (واتا خوایانەی) سروشت ئاشکرا دەکات. مارسیلیۆ فیجینۆ (١٤٣٣-٩٩)، کە نوێ-پلاتۆنییەکی فلۆرێنسی بوو، (...) جوانێتیی وەك سەرکەوتن بەسەر سروشتدا دەبینی؛ بۆ فیجینۆ ئەو بابەتە جوانە، کە بە کامیلترین شێوە لەتەك ئیدێی (خوایانەی) جوانێتیدا یەك دەگرێتەوە؛ نووسینەکەی بە ناونیشانی (Theologia platonica) نەخشەی جیهانێکی پلەدراو دەکێشێ، کە بە شێوەیەکی هارمۆنییانە رێکخراوە و بە درەوشەی خوایەتی تەنراوە ...

٤) بەمەش بناغەی پایەگای نوێی هونەرمەند رێژرا، کە هەوڵی دەدا خۆی لە کۆتەکانی کۆمەڵەی پیشەگەران (Zunft) ئازاد بکات. توانستە میمێزیانەکەی هونەرمەند برێتییە لە توانستی ئەو بۆ دەربڕین (Ausdruck)؛ ئەم توانستەی دەربڕین، کە هونەرمەند هەیەتی، هێزی داهێنان و ستیلە رەوانبێژییەکان بەگەڕ دەخات. بۆیە لێرەوە چ شیمانە و چ زەرووروەش هاتنە ئاراوە، بۆ ئەوەی کار لەو لایەنانەی هونەردا بکرێ، کە شیاوی فێرکردنن (بۆ نموونە لە لێکۆڵینەوەکاندا لەبارەی پێرسپێکتیف، رێژە (پرۆپۆرسیۆن) و ئەناتۆمی و هتد، کە لە لای ئەلبێرتی، پیرۆ دێلا فرانچێسکا یان لیۆناردۆ و هەندێك هونەرمەندی دیکە دەبینرێن). هەروەها بەشێکی ئەم کارانە برێتی بوو لە پەرەدان بە ئیکۆنۆگرافی، کە مرۆڤ لە پێناوی ئەنجامدانیدا بەتایبەتی بۆ ئەنتیکە گەڕایەوە و لێرەش لەنێو مێژوو و ئەفسانەوە کەرەسەی وەرگرت ...

٥) پێشبینییە هۆمانیستییەکانی نموونە (ئیدیال) بە شێوەیەکی نەساز بە روانگە ئێسۆتێری و ئێلیتەییەکانەوە بەسترابوون. مۆرکی دابڕینی زەینمەندانە (ئینتەلەکتوێلییانە) لە جەماوەری گەل، لەپاڵ هەندێك مۆرکی دیکەدا، خۆی لەوەدا دەبینییەوە، کە تەنها ژمارەیەکی کەم لە پرۆژەکانی شاری نموونەیی رەچاوی گەڕەکی پیشەگەرانی دەستییان دەکرد (لیۆناردۆ گرنگیی بە جادەی ئەوتۆ دەدا، کە سەرەتا لە خزمەتی گواستنەوەی کاڵادا بوو، بەدووی ئەمەدا گەل دەهات). پاشان ئەو مەیلە بۆ ئەوە، کە فەزایەکی (راوم) گەورەتر بە ئیدیالێتی بدرێ، لە کۆتایی سەدەی پازدەیەمدا بەهێزتر بوو.



## گۆڕانی دوای رێنیسانس

مۆرکی ئێستێتیك و تیۆرییەکانی هونەر دوای رێنیسانس لە لایەن دیاردە و بزووتنە کۆمەڵایەتی-ئابوورییەکان، هەروەها سیاسی و کەلتوورییەکانەوە، کە نەساز و بەیەك دژبەر بوون، دیاری کرا بوو: رەهایگەرایی و کۆمەڵگەی بەگزادەیی (کۆشك) یان خۆجیاکردنەوە لێیان، ئینجا سەرهەڵدانی سەرمایەداریی سەرەتا، شۆڕشەکان (هۆڵلاند و ئێنگلاند)، رێفۆرماسیۆن و دژەرێفۆرماسیۆن، (...)، بەرزبوونەوەی زانستەکان و ئەقڵگەرایی فەلسەفی، دیاریکردنی قووڵتر و ئاگامەندتری پراکسیسی مرۆڤ لەسەر ناغەی ئەزموون.

### ٦-١ مانیریزم

گۆڕانە تەنگژاوییەکان و پایەگای نوێی هونەرمەند، کە ئازاد بوو بوو یان سەرلەنوێ خرابۆوە خزمەتی دەسەڵاتداریی کۆشك، لە مانیریزمدا ئاوێنەیان دایەوە. سەرەتا لە تیۆریی مانیریزمدا دەنگ بەو ترادیسیۆنانەی رێنیسانسدا دەنرا، کە هیزی پێشبینی و دۆزینەوە (داهێنان)، بەڵام هەروەها شارەزایی هونەرمەند و "وێنە"ی ناخەکییان، لە سەرووی لاسایی سروشتەوە دادەنا. لە هاڤرکێی هونەری شێوەسازی لەتەك هۆنراوەدا، زۆر جار "Ut pictura poesis"ی هۆراز هەڵدەگێڕرایەوە بۆ "تابلۆیەك وەك هۆنراوەیەك وایە". بەم هەڵوێستە لە لایەك پشتگیریی شکۆفەکردنی سەبژێکتیڤیزم دەکرا و دەنگ بە "دروستکراویی" هونەردا دەنرا، بەڵام لە لایەکی دی ئەندێشەی فۆرم و رەنگ، هەروەها هەوڵدان بۆ بەرزاندنی گوزارشت (Ausdruck)، وزەی بەهێزیان وەرگرت (بۆ نموونە تینتۆرێتۆ، ئێل گرێکۆ).

### ٦-٢ رێفۆرماسیۆن و سەرەنجامەکانی

لە دژی هەڵچوونی بەها خۆییەکەی هونەر دەنگی ئەوتۆ بەرزبوونەوە، کە تا رادەیەك پاڵهێزی ئایینییان هەبوو، بەڵام هەروەها لە نێویاندا دەنگی رەخنەییش هەبوو. بێگومان ئەوەش سەرەنجامی خۆتێگەیشتنە نوێکەی هونەر هەبوو، کە وای کرد رێفۆرمکەرانی دیان سەرەتا بەزۆریی گرنگی بە نوسین بدەن نەك بە وێنە (کالڤین دەیگوت: "کێ بییەوێ بەڕاستی فێر بکرێ، دەبێ لە جێیەکی دی، نەك لەنێو وێنەدا، فێری ئەوە ببێ، کە مرۆڤ پێویستە لەبارەی خوا بیزانێ". بەڵام هاوکات گرنگیدانی نوێ بە سێنسەکانی مرۆڤ و ئەزموون و هەستەکان، هەروەها پەرچاندنی رەخنەیانەیان، واتایان بۆ لێتێگەیشتن و بەکارهێنانی وێنە وەرگرت (ئەمەش سەرەتاگرتوو لە هومانیستەکانی سەدەی شازدەیەمەوە، بۆ نموونە ئێراسموسی نۆتەردامی؛ ئینجا لە بزووتنەوەی سێنسگەرایدا کە دژی رێفۆرماسیۆن وەستابۆوە، کەسانی وەك ئیگناتوسی لۆیۆلایی و تێرێزای ئاڤیلایی؛ پاشان لە هزرینی فەلسەفیدا هەتا دەگات بە دێکارت و سپینۆزا؛ هەروەها لە ئیبلێماتیکدا.

وەك سەرەنجامی هەموو ئەم دۆخگۆڕی و ناکۆکییانە، دەسەڵاتی نوێی وێنە، ئەندێشەگەراییەکەی و داهێنانی هونەری لە نوێوە چەسپێنرانەوە، لێرەشدا

بە شێوەی جیاواز دەنگ دەنرا بە "فێرکردن و بزواندن و چێژبینین"دا (docere, permovere, delectare). ئینجا لایەنە فێرکارییەکەی وێنە بەرێی دژە ڕیفۆرماسیۆنی کاتۆلیکییەوە گرنگیی وەرگرت، لە کۆتاییشدا دەنگ نرا بە چارەسەری (Überwältigung) سێنسگەرایانەدا. بەڵام ئەو پۆلێمیکانە، کە بۆ نموونە لە نێوەندی کۆنسیلی فێدێنتینیدا لە دژی دارشتنی جیهانی (säkular) و دژ بە نەرێت (ڕووت = obszön) بەگەڕ خران، تەنها کاریگەرییەکی سنووردداریان هەبوو.

ئەو تیۆریکانە، کە لەتەك دارشتنی "دوای ژیان" لە هونەردا خەریك دەبوون، ڕوویان کردە ئاوەڵابوونی پڕی پرنسیپی ئەندێشەییانەی (خەیاڵییانەی) وێنە، لێرەشدا بەتایبەتی ڕوویان کردە ئەندێشەگەرایی (Illusionism)، کە ئیتر ئەم کێشەیە پاڵی پێوە نان بۆ ڕوونکردنەوەی جەوهەر و مەغزای ئەم "ئاوێنەیەی سروشت، کە ئەو شتانە ناتەواو وێنە دەداتەوە (vortäuscht)، کە لێرە نین، ئینجا پڕزەوق و ستایشکەرانە بە خەڵەتاندن هەڵدەستێ و بۆ ئەمەش ڕێی پێدراوە" (ڤان هووگستراتن، ١٦٧٨). بەڵام هونەرمەندانی هۆلەندی خۆیان تەنها وەك "فۆرمێنەرەوەی (Nachformer) ژیان" نەدەبینی، ئەمەش بێگومان لەو ڕوانگەیەوە کە گوایە "... مرۆڤ بەم هەڵوێستە باشتر پەی بە شتە سروشتییەکان دەبات" (فیلیپس ئەنگل، ١٦٤١)، بەڵکو ئەو هونەرمەندانە ئەوەشیان دەزانی، کە ئەوان بەم جۆرە هەڵوێستە باشتر "بەدڵی جمهوری هونەر" دەبن. بەڵێ، تەنانەت پێویست بوو هونەرمەند پەیوەست بە وێنە ئایینییەکانیشەوە پێزانینێکی بەرزی سەبارەت بە "کاریگەریی وێنە لەسەر چاو" هەبێ: "هیچ کەس ناتوانێ نکۆڵی لەوە بکات، کە وێنەیەکی بەچاکی سازێنراو پشتگیری شکۆفەی ملکەچی و هەستی دەروون (Gemütsstimmung) دەکات" (زوککاری، ١٦٠٧).

سەرجەم نووسەران بە پەرچاندن هەڵدەستان لەسەر پەیوەندیی نێوان بوون و ڕواڵەت، ڕاستی و ڕەنگەیەتی، لەسەر تەکنیکە هونەرییەکانی قەناعەتپێهێنان (persuasione)، بەڵام بەتایبەتی لەسەر دەسوێژە ڕەوانبێژییەکانی هونەر بۆ چێکردنی ئەم قەناعەتە. لێرەدا هونەرمەندانی وەك پوسین لە هونەرەکەیاندا ڕوویان کردە زانینوموای مۆدوس لە ئەنتیکەدا؛ ئەم زانینومایە هونەری شێوەسازیی خستبووە نێو پەیوەندییەکەوە لەتەك تیۆریی موزیك و



هۆنراوەدا، بەڵام هەروەها لەتەك ڕەوانبێژی و تەنانەت تیۆریی تەلارسازیشدا.

سەرچاوە:

http://de.wikipedia.org/wiki/Ästhetik

**فەرهەنگۆك**

- **ئیبلێماتیك**: زانستی توێژینەوەی دروشمی دەوڵەتی و سیمبوڵ
- **ئۆبژێکت**: بابەتی دانراو لە سەبژێکتەوە
- **ئیسۆتێریك**: (الجوانیة)
- **ئێلیت**: (نوخبە)
- **ئیکۆنۆگرافی**: زانستی ئیکۆن
- **پۆلێمیك**: هەڵوەشانگەریی زانستی، ڕەخنەی توند
- **پێرسپێکتیڤ**: ئاسۆ
- **ڕەهایگەرایی**: دەسەڵاتداریی پاشایەتی
- **ڕیالێتی**: داکەوت (الواقع)
- **سەبژێکت**: بکەر (ی زانست)
- **سێنس**: (حاسە)
- **کۆنسیل**: ئەنجومەنی پیشۆف و ڕابەرانی دیکەی کلێسەی کاتۆلیکی
- **مۆدوس**: شێواز، جۆر
- **نەساز**: (متناقض)

# ئافرەتی تەڵاقدراو
# لەگێژاوی ئاریشەی ئابوری‌و کۆمەڵایەتیدا

پەژارە مەمەند صاڵح

(نازانم ژنان چیان دەوێ چوار ژن بەیەك شەو تەڵاقدران... ئەیەڕۆ چۆن شتی وا دەبێ، ساڵان کەبیان گوتبا ژنێك تەڵاق دراوە، لەهەموو لایەکەوە نەفرەتیان لێ دەکرد)، ئەمە پەیڤی نێوان دوو هاوسەری ٥١-٤٥ساڵان بوو، کە هەریەکەیان لە دەلاقە هزریەکەی خۆیەوە دەیڕوانی بۆ دۆزی تەڵاق:-

(یاساو سۆنگەیەك بۆ تەڵاق)

بەپێوەدانگی یاسا کچ لەتەمەنی (١٨) ساڵی تەیارو ئامادەیە بۆ شوکردن، کەچی ئەوەی لەهەنووکەدا بەرچاو دەکەوێ، زۆربەیان تەمەنیان لە ١٤-١٥-١٦-١٧-ساڵی دایە. لەگەڵ ئەمەش کاردانەوەی یاسا بەم چەشنەیە، گەر کچ بەمەیلی خۆی‌و لەڕوی جەستەییەوە کامڵ بێ، ئەوا ڕێگە پێدراوە بۆ شوکردن، هەڵبەت ئەمە یەکێکە لە سەبەب (هۆ) چاوگیەکان بۆ زۆربوونی ئەم ڕێژەیە، بەم کەم تەمەنیە بلێین‌و نەڵێین خێزان وەك یەکەیەکی کۆمەڵایەتی وەچە بەرهەم هێن پێویستی بەلێپرسراویەتێکی ووردی دایەو بابەیە، کەواتە ئەستەمە کە ئەم تەمەنانە لە ئاستی لێپرسراویەتیدابن. لەم تەمەنەدا چونە ژیانی هاوسەری، بە مژۆلی (سەرقاڵ) ئەوانی بە غەریزە سێکسیەکان لێدەکەوێتەوە، هاوکاتی تێرکردنی ئەم غەریزەیەش کۆشکی خێزان تێك‌و پێك هەڵدەقرمێ، کەهەم خێزان دەپوکێتەوەو هەم چارەنوسی منداڵ‌و دایەی شلۆق دەبێ. پێویستە یاسا تەنیا کامڵبوونی جەستە نەکاتە پێوەر بۆچونە ژیانی هاوسەرگیری‌و ئەگەریش کردی قەرەبووی زیانەکانی بکاتەوە.

(گرفتە مادی‌و کۆمەڵایەتیەکان)

زیاتر ئافرەت ئەم پشکەی بەر دەکەوێت، هەمیشە لە دوای تەڵاقدانی ئافرەت ئاریشە کۆمەڵایەتی‌و مادییەکان ئابڵۆقەی دەدەن، ئەمەش لەسۆنگەی:-

١-دابی کۆمەڵگە کەهەڵقولاوی بەهاو پێوەرە کۆمەڵایەتیەکانە، تۆمەت (بوختان) دەخەنە پاڵ ئافرەتی تەڵاقدراو بەبیرکردنەوە فەلسەفیە سادەکەیان، قسەگەلێك هەڵدەبەستن وەك:- (خودا غەزەبی لێگرتووە، هیچ لەخۆڕا روونادا،..هتد)، جگە لەوەی بەدڕدۆنگیەکی (گومان) زۆر چاوپۆشی لە راستی هۆکاری تەڵاقدانەکەی دەکرێ.

٢-لەسۆنگەی شلۆقی باری دارایی ئافرەت کەخودانی هیچ یەکێك لەلایەنەکانی وەبەرهێنان نیە، بژێوی ژیانی لکێنراوە بە هاوسەرەکەی، بە نەبونی دەکەوێتە گۆڕێ، بە ئەرخەیانیەوە بڕە مارەییەکەشی تا هەتایە بەشی ناکا، جگە لە کەمتەرخەمی دەسەڵات لەدابین نەکردنی لانەیەك، موچەیەك بۆ ئافرەتە بێنازەکان، ئەمە زیاتر دەردی تەڵاقدراوەکانی قورستر کردووە، بۆ لەکۆڵکردنەوەی ئەم دوو ئاریشەیەش پێویستیمان بەپلاندانانی دەسەڵات هەیە، پێویستیمان بە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی هەیە، کاتێك رەوشێکی لایقمان بۆ رسکا.

(تەڵاق. وریایی ئافرەتان)

کاتێ باس لە زۆربوونی رێژەی تەڵاق دەکرێ، زۆر بەتۆقێنەری دەیوروژێنن، نکۆڵی لەزیانەکانی ناکەم، بەڵام کە لەیەکێك لەدیوەکانیدا شی بکەینەوە، وەرگرتنی تەڵاق لەلایەن ئافرەتەوە، مۆرکی وریابوونەوەی توێژی ئافرەتانە، ئافرەت لەخۆڕا داوای تەڵاق ناکاو ئەگەر کردیشی لە ئاکامی لەسەرەوە رژانی دەفرەکەیە، کەڵەکەبوون‌و پەنگخواردنێکی زۆر لە ناوەوەیداو خاڵیکردنەوەشی، رێگەی تەڵاق تاڵترین دەکات، ئەوانیش وەك مرۆڤ خودانی خەسڵەتی رەکینەن، مەیلخوازو خودپەرستیشن، کەواتە شتی ناخۆش ئیشیگەری بەسەرەوەیە، کاتێ لێوانلێوبوو بۆ راکێشانی دڵی کۆمەڵگەی، نابێ هەروا بە چەپێنراوی بمێنێتەوە، وەك دەزانین چەپاندن‌و کەڵەکەبوون لە ناوەوەی مرۆدا چ دەردێکی قورسە، چ دەربەست بەوەیە ئافرەت درێژە بەو ژیانە بدات، جا ئیدی هەنوکە دەرك دەکات وەك ئەوەی گەرەکیەتی بژیەت (مانای ئەوەنا لەتەك تەڵاقدانی ئافرەتدا بم) هەڵبەت ئەمەش کاتی زۆر لایەق‌و باش دەبێت، کە هەریەکە لە ئاریشە مادی‌و کۆمەڵایەتیەکان چارەسەربوون.



(ئاریشەی ترس لە وشەی تەڵاق)

ئافرەتان لەسۆنگە ناکامەکانی ئافرەتی تەڵاقدراو لەکۆمەڵگەی داخراوو نێر سالاردا، زۆرترین ترسی هەیە لە وشەی تەڵاق، هەر ئەمەشە توشی چەپاندنی دەکات، گەر ئەمە ترس نەبێت بۆچی ژنی وا هەیە هاوسەرەکەی لە بزن‌و مانگا زیاتری پێنالێ، یاخود کە لەسەر کار هاتەوە رەکی هەڵسابوو، بەردەبێتە سەرو گوێلاکی، یاخود لەپێناو ئەوەی بژێوی پەیدا دەکات، هەزار جار بەسەر چاوانیدا دەداتەوە، کەچی بەسەر خۆی ناهێنێت، داوای تەڵاق ناکات، بەڕاستی ئافرەت لێرەدا باجی داوە، ئەگینا بۆ بەرگەگرتنی سەرجەمی ئیهانەکان پێویستیمان بە مرۆڤی خودان هێزی پان سروشتی لە چەشنی پۆڵایین هەیە، زۆربەیان دەمامکدارن لەترسی تەڵاق، ئەگینا سەرپشك بکرێن، بە ئەرخەیانیەوە تەڵاق تلۆڕین دەکەن، نابێ لە یادمان بچێ لانەی هاوسەری دوا پەناگەی ئافرەتانە، وەك کاتی کچێتی نیە تا بۆقوتاربوونی چاو لەدەستی هاوسەرگیری بێ، لەکۆتاییدا داخوازیارم ئاریشە دەرەکیەکان تەڵاقی لێنەکەوێتەوە کە ژن‌و شوو دەستیان نیە لە رسکاندنی وەك (کێشەی نیشتەجێ بوون‌و مادی)، بەڵام ئاریشە ناوەکیەکان کە هەردووکیان بەرپرسن تەڵاق بچێتە نێوانیان.

# کتێبی مێژوویی پۆلی شەشەمی وێژەیی‌و دوو هەڵوێستە لەناو دەیان هەڵوێستەی پێویست

## ئەو کتێبە مێژوویەی هەر لەسەرەتاوە رەنگدانەوەی بێ بەرنامەیی وەزارەتی پەروەردە بووە



کامەران بابان زادە

ــ۱ــ

بەر لەراپەڕینی ساڵی ۱۹۹۱ی کوردستان ئەو کتێبە مەنهەجیەی لە قۆناغە جیاجیاکانی خوێندن لەهەموان زیاتر کەوتبووە بەر وێرانەو نوسینەوەی بەگیانی عروبەو بەعسیزمو لەوێوە بۆ شێواندنی ناوەڕۆك کتێبی مێژوو، لەناو ئەو کتێبە مەنهەجیە خەراپو ناشیرنەکان کتێبی مێژووی پۆلی شەشەمی وێژەیی بووە. لەدوای راپەڕین یەکێك لە غەدرە گەورەکانی لەخوێندکاری کورد کرا بەردەوام بوون بووە لەسەر ئەو کتێبە. لەوەش خەراپتر ئەوە بووە کە خوێندکار لەپۆلی شەشەمی وێژەیی تاقیکردنەوەی وەزاری لەسەری بووەو نەدەبوا لەو کتێبە دەرچێت. ئەمە سەرەڕای کۆمەلێك ماڵوێرانی دی بەهۆی بێبەرنامەیی وەزارەتی پەیوەندیدار لەسەر ئەو گۆڕانانەی بەسەر ئەو کتێبەی داهێنا، هەتا ئێستاش بەنارێکی ماوەتەوەو چاوەڕوان بەگۆڕانە. قسەمان لەو خەرجیە نیە چەند ساڵە بەناوی گۆڕان چەندە داهاتی ئەو وڵاتاتە بەفیڕۆ دەچێت.

ــ۲ــ

لەدوای راپەڕین وەزارەت وای زانی لەو کتێبە بەتەنها ئەوەی بەشو لاپەڕانەی مەدحو پێداهەڵدانە بۆ بەعس خەراپە، هات خشتەیەکی خستە بەردەم مامۆستا، بۆ دیاری هەندێ لاپەڕە بۆ تەرك کردن. بەڵام هەموو کتێبەکە بە خوێندنەوەی بەعسیزمو ناسیونالستی عروبە داڕێژرابوو. لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی هیچی بەکەڵك نەدەهات. لەسەردەمی دامەزراندنی حکومەتی هەرێمەوە نێوەی خوێندکاری کورد کە ئامادەیی تەواو کردووە بە ئیجباری لەسەر ئەو مەنهەجە ماندوو کراوە، دوای تاقی کردنەوەو دەرچوون فۆرماتی هزریان لەهەموو شتێك باشتر بووە هەتا زۆر لە مێشکیان بسڕێتەوە،.من لەدوای شەش ساڵ ئەزموونی تاڵم لەگەڵ ئەو کتێبەو ناردنی دووجار راپۆرتی درێژ لەسەر هەڵەو ناتەواویەکانی بەتەنها لێرەدا قسە لەسەر دوو تەوەرە دەکەم، یەکەمیان ئەو قۆناغە ماڵوێرانیەی ئەو کتێبە پێیدا تێپەڕی. دووەم، بەتەنها تیشك دەخەمە سەر ئەمارەتی "سۆران".

ــ۳ــ

لەدوای راپەرینەوە هەتا ساڵی خوێندنی ( ۲۰۰۵- ۲۰۰۶) لەسەر ئەو کتێبە پۆلی شەشەمی وێژەیی دەرسی خوێندووە بەناوی (مێژوویی نوێیو هاوچەرخی نیشتیمانی عەرەب) کە وەزارەتی پەروەردەی عێراق بۆ سەرانسەری عێراق لەسەرتای هەفتاکانەوە دای نابوو، لەگەڵ رووداوو گۆڕانە سیاسیەکان لێی زیاد دەکرد، بۆ قوتابخانە کوردیەکان بە سەقەتی کرابووە کوردی، بەخوێندنەوەی بەعسیانە، باسی مێژووی نوێیو هاوچەرخی عەرەبو عێراقو حیزبی بەعس بووە. من لەساڵی ۲۰۰۱ بۆیەکەم جار لەسەر ئەو کتێبە دەستم پێکرد، بینیم بە نووسراوی فەرمی وەزارەت بە لاپەڕە چواریەکی لێ تەرك کرابوو. کە ئەوە هەرگیز چارەسەر نەبووە ،چونکە کورد گووتەنی"پوش لەکا بژارکردنە" ئێمە دەزانین ئەو کتێبە چۆن وانەی مێژووی کردبووە وانەیەکی قیزەون. لەناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی رابردوو وەکو خوێندکار خوێندبووم. ئەو کتێبە گەورە وێرانیە کە هی ئەوە نیە هیچ رەخنەیەکی لەسەر بنووسرێ چونکە خەراپیو سەقەتیەکەی هێندە زۆر بووە هێندە ناهێڵێتەوە بۆ لایەنی باشو دروست، لەپاڵ ئەوەدا مەلزەمەیەك دەبوایە بخوێندرێت بەناونیشانی مێژووی هاوچەرخی کورد بەراستی زیاتر بە زنجیرە وتارێکی سیاسی دەچوو نەك خوێندنەوەی مێژوویانە. ئەمە سەرەڕای کۆمەڵێك هەڵەی مێژوویی زەق کە گوایە ئەمەیان لەلایەن لیژنەیەکی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە نووسراوە. هەر بۆ نمونە لە کتێبە گەورەکەی ناومان برد، کوردستان بەشەڕ لەلایەن عوسمانیەکانەوە داگیرکراوەو لەو مەلزەمەیەدا بەئاشتیو رێککەوتن. لەساڵی ۲۰۰۵ لەدوای سێزدە ساڵ بەسەر وەزارەتی پەروەددەی خکومەتی هەریم کتێبێکی دی بەناوی (مێژووی نوێو هاوچەرخ) کرایە بەدیل. کە لەراستی دا هێشتنەوەی بەشێك لە بابەتەکانی کتێبە کۆنەکەو مەلزەمەی ناوبراو لەسەر مێژووی کورد. حەوت بەشی لە کۆی دە بەشی کتێبە تازەکەی داگیر کردبوو. کۆی هەڵەکانی پاشماوەی کتێبو مەلزەمەکەی پێشوو لەگەڵ ئەو بەشە زیادکراوە بەتەنها تەمەنی یەك ساڵ بوو. لەساڵ خوێندنی (۲۰۰۶-۲۰۰۷) دووبارە بەهەندێك دەستکاریەوە لەگەڵ زیادکردنی بابەتێك لەسەر کەریم خانی زەند کتێبەکەی ساڵی پێشوو گۆڕا بۆ هی تازە بەهەمان ناوەوە، لە دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ بەسەر خوێندنی ساڵی پار لە دواهەمین رۆژی مانگی شوبات بەکتابی (ژ۲۴۲ ئاماژە بەنوسراوی بەرێوەبەرایەتی ئەزموونەکان لە ۲۸/۲/۱۰۰۷) بەرێز بەرێوەبەری نەخشەکێشان بەبیری هاتەوە کە لەدوای زیاتر لەمانگێك کتێبێکی تازەیان ناردوو بۆ قوتابخانەکانو ئەو کتێبە تازەیە تاقیکردنەوەی وەزاری ئەو ساڵەی لەسەر دەرکرێ. دیارە کتێبی تازە زۆر سەرنجو رەخنە هەڵدەگرێ، بەڵای منەوە رەخنەکان لەناونیشانەکەوە دەست پێدەکان (مێژووی نوێو هاوچەرخ). یانی چی، ئەو دەربڕینە رەهایە لەسەدەی شازدەوە مێژووی هەموو کێشوەرەکانی گۆی زەوی دەگرێتەوە بە هەموو بوارەکانی مێژووی سیاسیو فەرهەنگیو ئابووریو ..هتد. دیارە لەسەر ناوەڕۆکەکەی بەتەنها لێرەدا قسە لەسەر ئەمارەتی سۆران دەکەین.

ــ٤ــ

میرنشینی "سۆران" لەلاپەڕە (۵۷بۆ ٦۲)ی داگیر کردووە، لەوێدا هەندێ زانیاری لەخۆ گرتووە، بەکورتی بەم ئاماژە خێراو پۆختانە رەخنەکانم چڕ دەکەمەوە.

۱-(...لەلایەن میر عیسای کوڕی کەولۆس بەگ لەناوچەی رەواندز دامەزراوە

لەسەرەتاکانی سەدەی سیازدەهەمی زاینی) بڕوانە: ل٥٧. هەڵە مێژووییەکانی ئێرە لەوەدایە یەکەم گومان هەیە "کۆلۆس" نازناو بێت نەك ناوی باوکی "عیسا" بەمانای کەلۆس دێت، بەکەسێك دەوترێت ددانی پێشەوەی کەلێن بووبێ‌و نەمابێ(١). دووەم: ئەگەر "عیسا یەکەم میری دامەزرێنەر بێت وەکو زۆربەی مێژۆۆنووسان‌و سەرچاوە گرنگەکانی مێژووی کورد جەختی لەسەر دەکەنەوە(٢). ئەوە نازانین کەی میرنشینەکەی دامەزراندووە بەڵام لە "عیسا"وە یەك دەنگی هەیە لە ساڵی ١٥٣٤ کاتێك سوڵتان سولێمانی قانوونی عێراقی گرت‌و بەهەولێردا گەڕایەوە ئەستەنبوڵ میر "عێزەدین شێر" ژیاوە، لەلایەن سوڵتانەوە کوژراوە(٣). هەتا دەڵێن تازە ببووە میری سۆران. بۆ ژمارەی ئەو میرانەی لە پێش عێزەدین شێر میرایەتیان کردووە ئەوانەن : (عیسا ـ شاعەلی کوڕی عیسا ـ میر بوداغ ـ میرسەیدی)(٤)، لەکاتێکدا تەمەنی میرایەتی ئەو دوانەی دوایی کورت بووە رێگەی تێدەچێت ، ماوەی(سێ) سەدەی خایاندبێت؟. لە عیسا هەتا میرسیدی سێ سەد ساڵ بووبێت. بێجگە لە "د.عەبدولفەتاح عەلی یەحیا" نەمزانیوە هیچ مێژوونوسێکی دی سەرەتایەکی وا ناواقیعی وتبێت(٥)..!!!!، کە دەکاتە پێش رووخانی خەلافەتی عەباسی‌و هاتنی مەغول بە پەنجا ساڵ.

٢- (.. لەم میرنشینە ٢٤ میر فەرمارەوایەتیان کردووە، لەوانە یەکێکیان ئافرەت بووە، بەناوی خانزاد) بڕوانە: ل٥٧. ژمارەی میرەکانی سۆران (هەژدە) میر بووە رای جیاواز ئەگەر هەبێت لە دوو تێپەڕناکات. کەواتە بیست‌و چوار زۆر هەڵەیە(٦). هەروەها ئەمە هەڵەیەکی باوی سەرزارانە لێرەدا دووبارە بۆتەوە کە (خانزاد میرایەتی سۆرانی کردووە) ، میر سلێمان بەگ بووە لە ساڵی ١٥٥٩ بۆتە میر بۆماوەی (سی) ساڵ واتە لە ساڵی ١٥٨٩ مردووە، خانزاد خوشکی بووە، کاتێك شەرەفخان لە کۆتایی سەدەی شازدە شەرەفنامە تەواو دەکات دەنوسێت ئێستا میرایەتی سۆران بەدەست عەلی بەگی کوڕی سلیمان بەگەوەیە‌و باسی خانزادا ناکات. هێچ توێژەرەوەیەکیش بەجدی ئەوە کە خانزادی بە میری باس نەکردووە(٧). بێجگە لەبەیت‌و داستانی کوردی ئەوە باسی ئەو مەسەلەی بە سەرپێی کردووە‌و سەرەتاو کۆتایی بۆ دانەناوە. پێچەوانەی ئەوەیە لەبەیتەکاندا هاتووە حوسێن حوزنی موکریانیە(٨).

٣-(...لەمیرە بەناوبانگەکانی میر "محمد کوڕی مستەفا بەگ" بوو........ بەپاشای گەورە یان کۆر ناسراوە، کە لەساڵی "١٨٢٦" بۆتە میری سۆران...)ل٥٧-٥٨. لەسەرچاوە باوەڕپێکراوەکان سالی ١٨٢٦ نەهاتووە، بەڵکو لەو ساڵە سەربەخۆیی میرنشینەکەی راگەیاندو دەستی کرد بە فروانخوازی(٩). ئەگینا رای دروست ساڵانی ١٨١٠ بۆ ١٨١٥ لەراستە(١٠).هەتا لەو کتابە مەنهەجیە پێچەوانەی ئەمە دەنوسێت: (میری سۆران .... ژمارەی سوپاکەی لەپەنجا هەزار دەبوو توانیبووی جۆلانەوەیەکی سەربەخۆخوازی لەساڵی ١٨٢٦ بەدەست بهێنێ...ئەویش دوای یەکخستنی میرنشینەکانی دروسێی..)(١١).

٤-(ئەم میرە هەر زوو خولیای سەربەخۆیی میرنشینەکەی کەوتۆتە مێشکیەوە، ویستویەتی لەژێردەسەڵاتی عوسمانی دەری بکات‌و سەربەخۆ بێت)ل٥٨. بۆ ل٦٠. لەکاتێکدا ئەوکات هەموو ئەو شەڕانەی کردی بەدرێژایی ساڵانی ١٨٢٦ هەتا ١٨٣٣ هەموو لەسەر کوشتنی کوردو لەسەر حیسابی هۆزو میرنشینە کوردیەکانی بابان‌و بادینان‌و بۆتان بووە. ئیدارەی عوسمانی لە سنووری سۆران‌و بادینان نەبووە، میرنشینی بابانی هەتا زێی دووکان راوناو قەسابخانەی لەبادینان سازدا هەتا میرشینی بادینانی لەئامێدی دەست بەسەرا گرت(١٢).

٥- (میری سۆران توانیویەتی پەیوەندی دروست بکات لە نێوان خۆی‌و ئیبراهیم پاشای کوڕی موحەمەد عەلی پاشای میسر...).ل٥٩. ئەمە بەتەنها حوزنی موکریانی گوتویەتی(١٣) بەڵام توێژنەوەی هاوچەرخ بەتەوای رەفزی دەکات شتی نابووە(١٤).

٦- (...ئەویش دوای یەکخستنی میرنشینەکانی دروسێی وەك شێروان‌و برادۆست ئینجا دەستی بە جولانەوە رزگاریخوازیەکەی کرد)ل٥٩. جارێ میرنشینمان نیە بەناوی "شێروان" و "برادۆست" دوو هۆز بوون، ئەویش بەزەبری هیز سەری پێ شۆڕ کردن نەك بە یەکخستن(١٥).

٧-لەدوای شەرو پێکدادان لەنێوان هێزەکانی عوسمانی‌و هێزی سۆران لە دوای هەریر دەنوسێت: (... ناچار میر خۆی دا بەدەستەوە، بەم شێوەیە میر نیردرا بۆ ئەستەنبوڵ‌و لەساڵی ١٨٣٧ لە سێواس لە سێدارە درا)ل٦٠. ئەمە دوو هەڵەی تێدایە چونکە میر لە مانگی ئابی ساڵی ١٨٣٦ خۆی بەدەستەوەدا. دەستبەجێ رەوانەی ئەستەنبوڵ کراو هەر لەو ساڵە لەکاتی گەڕانەی لەدوای وەرگرتنی لێبوردنی سوڵتان‌و گەڕانەوەی بۆ سۆران لە رێگەی گەڕانەوە لەشاری سیواس شوێن بزر کراو هیچ شوێنەواری لەپاش بەجێ نەماو لاشەکەی کەس نازانی چی لێهاتووە نەك لەسێدارە درا(١٦).

٨- لە بارەی هۆکارە ناوخۆییەکانی لەناوچوونی سۆران. (.. ناکۆکی‌و دووبەرەکی نێوان ئەندامانی بنەماڵەی میری سۆران لەلایەك‌و ناکۆکی‌و شەڕی نێوان سۆران‌و میرنشیە کوردیەکانی تر لەلایەکی ترەوە)ل٦١. لەکاتی هێرشی موحەمەد رەشید پاشا کرایە سەر سۆران میری رەواندز هیچ هۆزو میرنشێنیکی لەسنوری دەسەڵاتی نەهێشتبۆوە هەتا بەربەرەکانی بکات‌و سوپای عوسمانی لەلایەن هیچ میرنشێنێکی کوردیەوە هاوکاری نەکرا.

٩-لە بابەت هۆکارە دەرەکیەکانەوە دەنوسێت: (میرنشینی سۆران هۆشیاری زۆری لەسیاسەت دا نەبوو. ..)ل٦٢، دیارە لە مەلزمەکەی باسمان کردو کتابە تەمەن یەك ساڵەکە واتە هەتا ساڵی ٢٠٠٦ خالێکی دی هەبووەو لابراوە: (تێکشکانی هێزەکانی موحەمەد عەلی لەسوریا زیانی زۆری لەمیری سۆران دا چونکە عوسمانیەکان لەدوای زاڵبوونیان بەسەر سوپای محمد عەلی زیاتر دەستیان بەرەڵڵا بوو بۆ لێدانی میرنشینی سۆران)ل٤٢ لە کتێبەکەی چاپی ٢٠٠٥و مەلزمەکە. لێرەدا مەبەستی دەسەڵاتی ئیبراهیم پاشای کوڕی موحەمەد عەلی پاشایە کە لەساڵی ١٨٢٠ گەیشتە وڵاتی شام، بەڵام بێ ئەوەی پەنا بەرینە بەر هەر سەرچاوەیەکی دی لە هەمان کتاب لە لاپەڕەی "٤٩" ئەو مەسەلە یەکلایی کراوەتەوە، کە ئەوەیان دروستە کە بەپێی پەیمانی لەندەن سنوور بۆ دەسەڵاتی موحەمەد عەلی پاشا دانرابوو، دەسەڵاتی لەمیسر بمێنێتەوە، هەر لەو ساڵەدا هێزەکانی ئیبراهیم پاشا هێزی عوسمانیەکانیان لەشەڕی "نصبین" شکاند، مادام ئەو دەسەڵاتە هەتا چوار ساڵ دوای شکانی هێزەکانی میر موحەمەد مابێت، دەگونجێت شکانی هێزەکانی موحەمد عەلی پاشا بخەینە ئەستۆی لەناوچوونی دەسەڵاتی میر موحەمەد چونکە ئەو لەپێشتر لەناوچووە بەڵام بەپێچەوانەوە هەرگیز ناگونجێت.

ـ ٥ ـ

لێرەدا بە ئەوەندە دەوەستین، دڵنیاتان دەکەم زۆربەی بەشەکانی دیکە لەباسی "میرنشینی سۆران" باشتر نین لەرووی دروستیەوە، بەداخەوە بۆ وەزارەتی پەروەردە کتێبێکی "٢٣٦" لاپەڕەیی دەکاتە مەنهەجی پۆلی شەشەمی وێژەیی بەبێ ئەوەی بیخاتە بەردەمی چەند پسپۆڕو پرۆفیسۆرو شارەزایەك لە مێژووی نوێی‌و هاوچەرخ، بەبێ ئەوەی پێداچوونەوەی زمانەوانی بۆ بکرێت. بەشێکی زۆری مێژووی کورد بەگوتاری سیاسی نووسراوە، بەمەش رووخساری توێژینەوەی مێژووی ژێر دەخا. لەکۆتایی دا دەڵێم هیچ مەبەستم نیە لە هەیبەتی وەزارەت‌و بەڕێوەبەرایەتی پرۆگرامی وەزارەت کەم بکەمەوە، بەڵام ئەوە ئەمانەتی سەرشانمەو بەرامبەر لاوان‌و

خوێندكارانی میللەتەكەم، بەتەنها ساڵی ڕابردوو زیاتر لە بیست هەزار خوێندكار تاقیكرنەوەی لەسەر ئەو كتێبە داوە، ئەمە سەرەڕای خوێندكارانی دیراسەتی كوردی لەناوچە تازە ئازاد كراوەكان.

پەراوێزو سەرچاوەكان

سالح قەفتان. مێژووی كور دلەكۆنەوە تا ئێستا، ل٢٩٥.

بڕوانە: شەرەفخانی بەدلیسی، شەرەفنامە،ل٤٥١، د.جەلیلی جەلیل، كوردەكانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی،ل٢٥٦، حوسێن حوزنی موكریانی، مێژووی میرانی سۆران،ل٣، سالح قەفتان سەرچاوەی پێشوو،ل ٢٩٤.

شەرەفنامە پەراوێزی ژ١،ل ٢٩٢، موكریانی، ل٩.

بۆ ئەو مەبەستە بڕوانە: شەرەفنامە،ل٤٥١-٤٥٣، مێژووی میرانی سۆران،ل٣-٩.

بروانە: عبدالفتاح علی، هجوم دوله العیمانیه علی كردستان....كۆڤاری كاروان، ژ٥٢،سالی ١٩٨٧.

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: شەرەفنامە، ل٤٥١-٥١٣. مێژووی میرانی، ل٣-٦٧. كامەران بابان زادە، میرنشینی سۆران،ل٢٤-٣١.

شەرەفنامە،ل٥٠١، زبیر بلال اسماعیل، اربیل فی ادوارها التأریخیه،ل٢٧٣.

مێژووی میرانی سۆران، ل١٤

كوردەكانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی.ل١٣٢-١٣٣. ئەم هەڵەیە تەنها ئەمین زەكی بەگ تێی كەوتووە، كە ساڵی ١٨٢٦ی نوسیوە، بروانە: تأریخ الكرد والكردستان، ج١،ل٢٢٨.

بڕوانە: عەلائەدین سوجادی شۆڕشەكانی كورد،١١٤، كوردەكانی ئیمپراتۆریەتی،١٢٣، لونكریك، اربعه القرون من تأریخ العراق الحدیث،ل٣٤٢. میرشینی سۆران،ل٢٩

كتێبی مێژووی پۆلی شەشەمی ویژەیی ل٥٩

سەبارەت بەفراوانخوازیەكانی میرموحەمەدو دلڕەقی لەفراوانخوازیەكانی لەسەر حیسابی قەوارەو هۆزو میرنشینەكانی دەوروبەری بڕوانە: شەرەفنامە،پەراوێزی ژ١،ل٥٠٨، كوردەكانی ئیمپراتۆریەتی ،ل١٣٧، نامەی د.ڕۆس، گۆڤاری دەنگی مامۆستا، ژ٣،سالی ١٩٧٣.

موكریانی، مێژووی میرانی سۆران، ل٦٧.

عبدالعزیز النوار، تاریخ العراق الحدیپ، ص١٩٥-١٩٦. عبدالفتاح علی، حقیقه المواصلات و الاتصلات بین میر محمد و محمد علی باشا، مجله كاروان، ع٤١، سنه ١٩٨٤. علی وردی، لمحات الاجتماعیه من تاریخ العراق الحدیپ، ص٩٥.

بروانە سەرچاوەكانی پەراوێزی: ژمارە(١١).

میرنشینی سۆران، ل٦٦-٦٩، هجوم العیمانی علی كردستان.. كاروان ع٥٢، ١٩٨٧.



## گۆزارشت


هێرش ڕەسوڵ دەینووسێت
خوێندكاری ماستەر لە میدیاو ڕۆژنامەنووسی
Herish82@yahoo.com


# "زنار" چۆنەو چۆن بێ باشە؟

لەبەر ئەوەی گۆشەكەی ئێمە تایبەت بە باس و شرۆڤەكردنی میدیاییانەیەو لەسەر داوای ستاف ئەزیزی "زنار"، ئەمجارە دەمەوێ سەرنج و پێشنیارەكانم بۆ "زنار" بخەمەروو و چەند خاڵێك بخەمە سەر پیتەكان.

بەر لەهەر شتێك، نكۆڵی لەوە ناكرێت، ڕانیە لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ی خەڵكی كوردستان، بۆتە خاوەنی بزوتنەوەیەكی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەنووسی و لەناو تەپوتۆزی ئەو دورە دەستەیی و فەرامۆشكردنەشدا، بەردەوام بێ جوڵە نەبووە.

مادام لێرەدا قسەكردنی ئێمە لەسەر كایەی میدیایە، ناكرێ ڕۆڵە یەكەمینەییەكانی ئەو شارەو ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەنووسانی لەو بوارەدا نادیدە بكەین، گرنگترینیان: یەكەمین ئێزگەی ڕادیۆیی لۆكاڵی (دەنگی ڕاپەڕین)، یەكەمین بڵاوكراوەی ڕۆژانەی دوای ڕاپەڕین (مانگرتن)، دوەمین گۆڤاری دوای ڕاپەڕین (گۆڤاری پێنجی ئازار)، دوەمین تەلەفزیۆن لە كوردستانی ئازادكراودا (تەلەفزیۆنی بزوتنەوەی ئیسلامی)، یەكەمین ڕۆژنامەی ئەهلیی لۆكاڵی (ڕۆژنامەی ڕایەڵ)و چەندان هەوڵی دیكەی جوانی ئەو شارە لە بواری ڕاگەیاندنی نووسراو و بیستراو و بینراودا، ئەمەش لەپاڵ دەروازەبوونی بۆ ڕاپەڕینی خەڵكی كوردستان، پێشەنگیی ڕانیە لە بوارەكانی تریشدا زیاتر دەخاتە ڕوو.

یەكێكی تریش لەو هەوڵە جوانانە گۆڤاری "زنار"ە، كەوا ئەمڕۆ یەكەمین مۆمی تەمەنی دەكوژێنێتەوەو پێدەنێتە ساڵی دوەمینی دەرچوونیەوە. بەو بۆنەوە دەبێ سەرەتا پیرۆزبایی لە خۆمان و ئەو ستافە جوانە بكەین كە بە دەرچوونیەوە ماندوون.

لە پێناو باشتر بوون و بەرەو پێشچوونیشیدا هەوڵدەدەم لێرەدا بەكورتی چەند سەرنج و پێشنیارێك بخەمە ڕوو، بەو هیوایەی لە ساڵی ئایندەیدا لەبەرچاو بگیرێن و ڕۆڵێكیان لە پێشكەوتنی گۆڤارەكە هەبێت:

لەپێش هەموو شتێك هەست بە پەرشوبڵاویەكی زۆر لە مەتریاڵ و بابەتەكانی "زنار" دەكرێت، ئەمەش كار لە شوناسی گۆڤارەكە دەكات و هەندێجاریش كاریگەری بۆسەر ئاستەكەیشی دەبێت، بۆیە پێویستە دیققەت لە دابەشكردنی بابەتەكان بەكاربهێنرێت و پێوانەیەك بۆ هەمەجۆریی مەتریاڵ و ریزبەندییان دابنرێت، تاكو بەهۆی هەندێ بابەتی خراپ، بابەتە جوانەكانیش ون نەبن.

بەدواداچوون و ڕاپۆرت و ڕیپۆرتاژو دۆسیەو چاوپێكەوتنەكانی "زنار" زیندوونین و زۆرجار ئەو بابەتە ڕۆژنامەنووسیانە لەو گۆڤارەدا بێبایەخ و ناپرۆفیشناڵانە دەبینرێن، لەكاتێكدا دەكرێت وەك گۆڤارێكی مانگانە ڕووبەرێكی گەورە بۆ بەدواداچوونی گۆڕانكارییەكان و شیكردنەوەی ڕۆژنامەنووسیانەی ڕووداوەكان تەرخان بكرێت.

هەروەك لە نەخشەسازیی "زنار"دا كەمترین جار ڕەچاوی دیزاینی هاوچەرخ دەكرێت، سود لە ڕەنگ وەردەگیرێت.

وێنە ئەو گرنگییە ڕۆژنامەنووسییەی پێنادرێت، پرەنسیپی گونجاو بۆ گۆشەو ستوونەكان نابینرێت، ڕاپرسی و لێدوانی پێویست لەسەر دیاردەو ڕوداو و هەواڵە بەسەرنەچووەكان نیە.

بە هیوای سەركەوتن

# گەنج لە ململانێی ئایدۆلۆژیای دەسەڵاتدا

ڕاوێژ محەمەد

گەنجی ئەمڕۆ ڕۆڵێکی گرینگو چارەنوسسازی هەیە لە قۆناغی پڕۆسەی سیاسی کوردستانو دەتوانین بڵێین کە دیمۆگرافیای ئەمڕۆی کوردستان وەك زۆربەی وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵات بەلای گەنجدا دەشکێت، واتە زۆربەی پێکهاتەکەی گەنجن، زۆربەی گەنجەکانی ئەمڕۆی کوردستان لە باوەشی دەسەڵاتی کوردی لەدایك بوونو کولتورو شەقی بەعسیان نەبینیوەو نازانن کە گەنجی پێشخۆیان چۆن ژیاون، کێشەکە خۆی لێرەوە دەست پێدەکات گەنجی ئەمڕۆ تەنها چاوی ئەو شتانە دەبینێت کە هەڵەن واتە تەنها لایەنی نێگەتیڤی دەسەڵات دەبینێت لایەنی پۆزەتیڤی لەبەرچاو نەگرتووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دەسەڵاتی ئەمڕۆی کوردی نەهاتووە پەروەردەیەکی مۆدێرنی گەنجەکانی بکاتو کێشەکانیان بەشێوەیەکی بابەتیانەو زانستی بۆشی بکاتەوە... کە بەراستی ئەمە ئەرکی دەسەڵاتە تاوەکو گەنجەکانی توشی بیرکردنەوەی ئانارشیزمانە نەبن. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا جۆرێك لە لێکدانەوەی نێگەتیڤانەو ململانێیەکی ئایدۆلۆژی هەیە لەنێوان گەنجو دەسەڵاتدا، کە ئەم لێکدانەوەیە خۆی لە ناڕازایەتیدا دەبینێتەوە لەئاست کەموکوڕیەکانو فەراهەم نەکردنی ژیانو کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن بۆ هەموو توێژەکانی کوردستان بە گشتیو گەنجان بەتایبەتی، یاخود بەردەوام ململانێیەکانی نێوان گەنجو دەسەڵات لە ڕووی ئایدۆلۆژیایەوە جۆرێك لە سیفەتی گشتیەتی بەخۆیانەوە دەبینن وای لێهاتووە کە خەریکە دەبێت بە شتێکی ڕۆژانەو بەردەوام گەنجان قسەی لەسەر دەکەنو دەسەڵاتیش لە ئاست ئەو ململانێیەدا مسی کراوە بە گوێدا. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چەمكو بیرو هزرە کۆنانەی کە دەسەلاتی لەسەر دامەزراوەو هەمان چەمکیش لەگەڵ گەنج بەکاردەهێنێت. بۆیە گەنجان بێزارن لەم چەمکانەو هەمیشە هەوڵ دەدەن کە زوتر دور بکەونەوە لە وڵاتی خۆیان. ئاخۆ لەبەر ئەوەی ئێستا لە کوردستاندا دەسەڵات پێ بە پێ بەرەوە بەساڵاچوون دەڕواتو کەسانی دەسەڵاتداریش بەرەو پیری دەچن دەبێت ئایدیاکانیشیان لەگەڵ تەمەنیان پیربێت؟؟!!! بۆ دەسەڵات هەوڵ نادات کە جارێکی دی چەمکی بۆچوونەکانیان دابڕێژێتەوە لەسەر شێوەیەکی مۆدێرن کە لەگەڵ واقعو ئایدۆلۆژیای سەردەمی بە جیهانی بووندا بگونجێت؟؟ پێوستە بزانین ئەم دەسەڵاتەی کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەیە کە بەدەنگی هەموو چینەکانی کۆمەڵگە هاتۆتە ئاراوە، ئایا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ نوێنەرایەتی کام چینەی کۆمەڵگە دەکات؟؟ لەکاتێکدا کە دەسەڵات بەدەست پیرەکانەوەیە!دەبێت تەنها نوێنەرایەتی پیرەکان بکاتو گەنجان پشتگوێ بخات ؟؟ ئەم دەسەڵاتە هەمیشە بەناوی هەموو تاکەکانەوە دەدوێتو گەنجیشی کردوەتە سومبولی هزرەکانی خۆیو نەتەوەکەی !! کاتێك ئەم بانگەشەیە دەکات تەنها بۆ مەبەستە تایبەتیەکانی خۆیەتی؟؟ یان بە پردی دیالۆگدا تێدەپەڕێتو دەبێت بە بنچینە بۆ داهاتوو؟؟ بەڵام ئەوەی جێگەی پرسیارو سەرنج بێت بۆ گەنجو دەسەڵات ئەوەیە: ئایا دەسەڵات لە ڕووی کرداریەوە ئەرکەکانی خۆی جێ بەجێ کردووە؟؟ یان تەنها بە گووتنی قسە کۆتایی بە بابەتەکە هێناوەو پشتگوێی خستووە ؟؟؟ ئەرکی گەنج چیە بیکات لەبەرامبەر دەسەڵات ؟؟؟ وەك دەزانین هەموو کەسێك کە مافی هەیە ئەرکیشی هەیە. ئایا گەنجان دەیانەوێت تەنها ئایدیاکانی دەسەڵات بەرەو گەنجی ببەنەوە ؟؟؟ یان دەیانەوێت ڕیفۆرمێکی سەرتاسەری لە ناو دەسەڵاتدا بکەن ؟؟ ئەم دەسەڵاتە پیرە لاببەنو دەسەڵاتێکی گەنجانە دروست بکەن؟؟؟

rawejshamam@yahoo.com



# ساڵێکەو هەموو مانگێک



# زنار زیاتر باڵا دەکات



# بەبۆنەی کوژاندنەوەی مۆمی یەکەمی تەمەنی زنار لە دیدی رۆشنبیراندا

**ئەم ژمارەیە واتـەژمارە(١٢) تێپەڕیـنی یەک ساڵە بەسەر دەرچووونی یەکەمـین ژمارەی ئەم گۆڤارەدا، یەک ساڵ هەوڵو مانـــدووبوونی ســـتافی زانـــرو رۆژنامەنووســـانی دەڤـــەرو دەروەی کوردستانە، ویستمان لە ساڵیادی زنـاردا راو بۆچون‌و پێشنیازی خوێنەرانی خۆمـان بزانین‌و راکانیان وەربگرین بۆ ئەوەی بە بەرچـــاوروونیەکی زیـــاترو بـــۆ خۆئامادەکردنێکی بەهێزترەوە بچینە ناو ساڵی نوێی زنارەوە.**

**محمـد خـدر: ئەگـەر گۆڤـاری (زنـار)**



**بـــەراورد بکـــەین لەگـــەڵ رۆژنامـــەو گۆڤارەکـانی تـری دەڤەرەکـەمان، (زنـار) سەرکەوتوترینیانە**

سەرەتا (محمد خدر) رۆشـنبیر گوتـی: تەمـەنی یـەك سـاڵەی (زنـار) پیرۆزبێـت گۆڤاری (زنار) وەك‌و گۆڤارێکی رۆشنبیری گـشتی سـەرکەوتو بـووە هـەم لـە رووی ناوەرۆکـــەوە هـــەم لـــە رووی نەریتـــی رۆژنامەگـەری یـەوە، هاوسـەنگی خـۆی پاراستووە، (زنار) توانیویەتی ژمارەیەکـی پوخـــت لـــە نووســـەران‌و رۆشـــنبیرانی دەڤەرەکەمان لە خۆی کۆبکاتـەوە، ئەگـەر گۆڤـاری (زنـار) بـەراورد بکـەین لەگـەڵ رۆژنامەو گۆڤارەکانی تـری دەڤەرەکـەمان، (زنـــار) ســـەرکەوتوترینیانە، چـــونکە لەوسـاڵەدا لـە کـاتی خۆیـدا دەرچـووەو بابەتەکانی بە پووختی پاراستووە، بـەلاّم وەك‌و هەر بلاّوکراوەیـەکی کوردستان لـە کـــەموکورتی زمانـــەوانی‌و هەنـــدێ کەمووکورتی تر بەدەر نی یە، پێم وایـە گۆڤاری (زنار) وەك‌و گۆڤـارێکی ناوچـەیی پێویـــستە پـــتر پـــشت ببەســـتێت بـــە تایبەتمەنـــدی ناوچـــەکە لـــە رووی کەلەپوور، جوگرافی، ئاووهەوا، کوێستان‌و گـــەرمیان، کـــشتوکاڵی، داســـتانی شۆڕشـــگێڕی‌و.......هتـــد پێویـــستە گۆڤارێکی فرە جەمـسەرو هەمـە چەشـنە بێـت، بـیر لـە تـەڕو تۆڵـی بابەتـەکان بکەنـەوە، لـە رووی (تـصمیم)ەوە باشـتر سـەلیقە بـەکار بهێنرێـت، مانـشێتەکانی کورت‌و سەرنج راکێش بن. ئەگەر پـسپۆر هـەبن پـتر بـیر لـە بابـەتی مێـژووی بکرێتەوەو لێکۆڵینـەوەی لەسـەر بکرێـت، بۆ ئەو مەبەستەش باشـتر وایـە کەسـانی بەسالاّچو بدوێندرێن‌و ئەوانـەی لەڕووی مەیدانیـدا قۆناغـەکانی تەمـەنیان لـەناو رووداوەکانی دەڤەرەکەدا بەرەسە بـردووە، بەتایبـــەتیش داســـتانە چـــینایەتی‌و نیـشتمانی‌و نەتەوەییـەکان کـەبێگومان لەتێداچوون‌و مردن دەپارێزرێن، چونکە زۆربـەی کەسایەتیە بەسالاچـوەکان یـان کۆچـی دواییـان کـردووە، یـان لـە پاییزی تەمەنیاندان، ئەگـەر گۆڤـاری (زنـار) ئـەم کـــارەی کـــرد، لـــە داهـــاتوودا دەبێـــە سرەچـاوەیەك بـۆ تۆمـاری رووداوەکانـی دەڤـەری (بیتـوێن‌و پـشدەر) لەکۆتاییـدا هیوای تەمەن درێـژی بـۆ گۆڤـاری (زنـار) دەخوازم، دەستخۆشی لە ستاڤ گۆڤارەکـەو هـەموو نوسـەرو رۆژنامەنوسـانی (زنـار) دەکەم.

**نیگار نادر – نووسەر- لەنـدەن: زنـار رووی ناوچەیەکی فەرامۆشکراوە**

لە دەستپێکی دا دەمەوێ بێـژم (زنـار) گۆڤارێکـە دەبـێ ناوەکـەی خـۆی زۆر بـە وریـایی بپارێزێـت بەومانایـەی زنـاری چیایان هـەروەك زنـاری چیایان چـەندە جـوان‌و پـاك‌و ئارامبەخـشەو هـەموو جێگایـەکی لێـڕا دیـارەو لـە هـەموو جێگایەکەوە دیارەو پـتر پـەل باوێتـە نـاو هـەموو کایـە رۆشـنبیریەکان. پاشان زنـار بۆ من بۆیە جێی دڵخۆشی‌و خۆشحاڵییە، چـونکە لـە ناوچـەیەك لـە دایـك بـووەو دێتـە وەشـان کـە بیتـوێن‌و پـشدەرە، لـەو دەمـەی دا پـشدەرو بیتـوێن بـە درێژایـی حەڤدە ساڵ ئازادی‌و دەسەلاّتی کوردی بێ لـەڕوی سیاسـی‌و کۆمەلاّیـەتی، لـە رووی رۆشەنبیریـشەوە بـە قوڵـی فـەرامۆش کـراوەو پـشتگوێ خـراوە، مـن هەمیـشە کتێـب فرۆشـە گـچکەی قـەلاّدزەو کتێـب فرۆشـە گـچکەکەی رانیـە لـەناو زەینمـدا دەخولێنەوەو دەبنە جێی ئازارو خەمێکی قولّ، ئەگـەر چی چـەندجارو بـە چـەند وتـــارو بۆچـــوون ســـەرنجی کوێخـــا رۆشـــەنبیریەکانی ئـــەوڕۆی کوردیـــم راکێشاوە کـە بۆچـی بەتـەنها گرنگـی بـە سێ پارێزگـا گەورەکـە دەدرێـت لـە رووی هەموو چالاکی یە رۆشنبیریەکان‌و چاپ‌و بلاّوکردنەوەوە، لە هـەمان کـاتیش دا زۆر شارۆچکەی دیکەی وەك‌و کفـری‌و کـەلارو قـەلاّدزەو رانیـەو دوکـان‌و دەربەنـدیخان‌و شەقلاّوەو خەلیفان‌و...چەندینی تر سـالّی کتێبێك یان گۆڤارێکیـان لـە کـاتی خۆیـدا ناگـاتێ، لـەو دەمەیـدا چـەندین دەزگـاو

